Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C25

# هەڵسەنگاندنی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان بەپێی مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە شاری کەلار

**كريم احمد عزيز**

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| **Keywords** | |
| هەڵسەنگاندنی، باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان، شاری کەلار | |
| **Corresponding Author** | |
| Karem.ahmad@garmian.edu.krd | |

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە " هەڵسەنگاندنی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانە بەپێی مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە شاری کەلار " بە گرتنەبەری میتۆدی پەسنی شیکاری لەرێگەی فۆرمێکی تێبینیکردنەوە کە توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی لەرێگەی پشتبەستن بە مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و درووستی ئامرازی توێژینەوەکە ، توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان لەشاری کەلار بۆ ساڵی خوێندنی 2023-2024، ئەمەو توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە ( 7 ) باخچە و ( 5 ) قوتابخانەی ناحکومی کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە و کۆدیان لەسیستمی (**E-Parwarda** )دا هەیە ، کە دابەش ببوون بە شوێنە جیاوازەکانی شاری کەلار ، گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان پێکاتبوون لە ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی هاوکێشەی پێرسۆن، گرنگترین ئەنجامەکانیش خۆیان لەم خاڵانە دەبیینەوە : ( هەموو باخچە و قوتابخانەکان مۆڵەتی فەرمیان هەیە. زۆربەکەمی مامۆستایانی باخچە ناحکومیەکان پسپۆڕن (دەرچووی بەشی باخچەی منداڵان)ن، نەبوونی یاریدەدەری پزیشکی لە زۆربەی قوتابخانە ناحوکمییەکان. نەبوونی کتێبخانە بە پێی ستانداردی جیهانی لە زۆربەی قوتابخانەکان. نەبوونی بینای تایبەت بە قوتابخانەکان جگە لە قوتابخانەی ( وانۆ ) کە خاوەن بینای تایبەت بە خۆیەتی. نەبوونی تاقیگەکانی کۆمپیوتەر و زانست بە پێی پێویست لە زۆربەی قوتابخانەکان ناحکومیەکان) . لەکۆتاییدا توێژەر چەند ڕاسپاردە وپێشنیارێکی خستەڕوو.

## پێشەکی:

## 1 بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوەکە

### 1-1 گرفتی توێژینەوەکە(مشكلة البحث) Problem of the Research :

باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان لە شاری کەلار ساڵانە لەزیادبووندایە ئەو زیادبونەش ناکرێ لەسەر دابەزرینی کوالیتی و پەیڕەونەکردنی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بێت ، بەڵکو دەبێت باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان خزمەتگوزاری فێرکاری وپەروەردەیی باشتر و پێشکەوتووتر پێشکەش بکەن ، بە نمونە ئەگەر لە باخچە حکومیەکاندا مامۆستای پسپۆڕ دابین نەکرابێت بەهۆی چەقبەستنی باری دارایی حکومەت و نەبوونی دامەزراندن ، لەباخچە ناحکومیەکان دەبێت ئەو خەوشیە برەوێتەوە ، چونکە بەپێی مەرج ورێنماییەکانی وەزراەتی پەروەردە پێویستە مامۆستایانی کەرتی ناحکومی 80% لە دەرچوانی دانەمەزراوەکان بن، بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزراوە پەروەردەیە ناحکومیەکان دەستکراوەترن لە دامەزراندن یاخود واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ ڕێژەیەک لە مامۆستایان پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە زانکۆییەکان لە بەشی باخچەی منداڵان وبەشە هاوپسپۆڕییەکان ، بەپێچەوانەی باخچە و قوتابخانە حکومیەکان " لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە دامەزراندن لە سێکتەرە پەروەردە نییە و ئەوەی کە هەیە یان بڕوانامەیان لەبەش وپسپۆڕی دیکە هەیە یاخود بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە". سەبارەت بەم ڕەوشە هەریەکە لە توێژینەوەکانی (سلوم و محمد ،2019) ، (الدهان ،2014) ، ( القيسي و النجف ، 2012 ) ، ( شفي ،1992 ) کە باس لە بوونی گرفت لە باخچە ناحکومیەکان دەکەن .

ڕەوشەکە بەنسبەت قوتابخانە ناحکومیەکانەوە باشتر نیە، قوتابخانە ناحوکمیەکان هەندێکیان لەڕووی تەلاری قوتابخانەو خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە نین، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی قوتابخانە ناحوکمییەکانی شاری کەلار بینای قوتابخانەکانیان کرێیە(إيجار) تەنها قوتابخانەی ( وانۆ) نەبێت کەبینای تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەو بینایانەش هەریەکەو بەشێوازێکەو بینای سەردەمیانە نین ، ئەگەر ئێمە ئەوە

بزانین کە رووبەری بینای قوتابخانە کاریگەری لەسەر دەروونی قوتابیان و پرۆسەی پەروەردەش دەبێت، دیارە بوونی ئەم کەموکورتیانە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی وەزارەتی پەروەردە کەوا بەپێی پێویست چاودێری قوتابخانە ناحوکمییەکان ناکات.

زۆرێك لە دەروونناس و پسپۆڕانی پەروەردیی تەمەنی منداڵی لە باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی زۆر بەگرنگ دەزانن و پێیان وایە کەسێتی مرۆڤەکە لەداهاتویدا پێکدەهێنێت(حەمەبابان وئەوانیتر،2018: 10) بۆیە ئەگەر هەر کەموکورتیەك لەم قۆناغەی ژیانی منداڵدا روبدات ئەوا کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵ دەبێت دواجار کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەکەشی دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەو باخچە و قوتابخانە ناحکومیانە کەرەستە و ئامرازە پێویستەکانی پەیویست بەگەشەی منداڵانی تێدا نەبێت وەك پسپۆڕانی بوار پەروەردە ودەرونی پێیان وایە گەشە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیری و جەستەیی نادرێت ، کە دەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تری ژیانی لەداهاتوودا ، لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێ بگەین بەوەڵامی پرسیارێك

- ئایا باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان لە شاری کەلار بەپیی مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دامەزراون ؟

نەبوونی وەڵامێکی زانستی بۆ ئەم پرسیارە وەك کێشەیەك لە لایەن توێژەرەوە تەماشاکرا .

## 2-1 گرنگی توێژینەوە (أهمية البحث ) Importance of the Research:-

باخچە و قوتابخانە دوو دامەزراوەی پەروەردیی گرنگن بۆ گەشەپێدانی توانستە جۆراوجۆرەکانی منداڵ و پەرەپێدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی و درووستبوونی کەسێتی . (العيثاوي و الفريداوي ، 2017 : 2 ) هەرچەندە قۆناغی باخچە تەوزیمی(پابەندێتی)نییە تەنها شیاندنە بۆ قۆناغی چوونە بەر خوێندن(حکومەتی هەرێمی کوردستان،2021: 3)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەقۆناغێکی گرنگ دادەنرێ لە دروستبوونی کەسایەتی و گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ چ لەرووی زمانەوانیەوە بێ یاخود لەرووی ژیریەوە بێت (المبيضين ، 2017: ل 21)، بەپێی تێڕوانینی (پیاژییە) قۆناغی باخچە قۆناغێکی گرنگە، چونکە بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێ لەگەشەی مەعریفی لای منداڵ و گەشەکردنی هەردوو توانستی وەرگرتن و فێربوون(حەمەبابان وئەوانیتر،2018: 50)، گرنگە لایەنی پەیوەندیدار(وەزارەتی پەروەردە) دڵنیابێتەوە لەو ژینگەیی کە هاندەرە بۆ پێگەیاندنی منداڵێکی گەشەکردوو بە ئامانجی پەروەردەیی هاوچەرخ( حسن ، 2006: 149)، چونکە ئامانجی سەرەکی باخچەی منداڵان بەکارهێنانی رێگاو شێوازی پەروەردەیی جیاوازە بۆ پەروەردەیەکی نوێ وسەردەمیانەی منداڵان (الصفدي،ل١٦، ٢٠١٣).

پێڕەوکردنی بنەما ستاندەردەکان لە قوتابخانە ناحوکمیەکاندا بە تایبەت (ISO9001) یەکێکن لەو بنەمایانەی کە کۆمەڵێک ڕەهەندی تیایە بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری و فێربوون لە هەر وڵاتێکدا بە تایبەت لە رووی پەیوەندی دامەزراوەکە بە بەخێوکەرانی قوتابییان و خوێندکاران و کاروباری قوتابخانەکە و کارکردنی بەڕێوبەرێتی قوتابخانە وەکوو تیمێک لەگەڵ مامۆستایاندا و بەشداری پێکردنیان لە بڕیار و لیژنەکانی قوتابخانە، هەروەها ڕاهێنان و شیاندنی مامۆستایان بە شێوەی بەردەوام کە هەموو ئەمانە دەبنە کۆمەڵێک بنەما بۆ بەستانداردکردنی قوتابخانەکان و بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن(JOS، 2020:1185). زانایانی دەروونناسی و پەروەردیاران باس لە ژینگەی قوتابخانە دەکەن کە کاریگەرە و فاکتەرێکە لە کاریگەری نواندن لەسەر کەسێتی خوێندکار لە رووی گونجاوی و دروستبوونی بۆچوونی ئەرێنی و پابەندبوونی بە قوتابخانەو دروستکردنی پاڵنەر.. کە هەموو ئەمانە دەبنە یارمەتیدەرێک بۆ گەشەکردنی و هەستکردنی بە ئاسایشی دەروونی و هەستکردن بەخۆ و نرخاندن و پێدانی بەها بە پرۆسەی فێرکاری و فێربوون بینای قوتابخانە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردە دەبێت بە تایبەت ئەگەر ئەوە بزانین کە دیزاینی بینای قوتابخانە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردە دەبێت، بەتایبەت لەڕووی مۆدێرنی بینا و بەپێی پێویست رووناکی و ئامێرەکانی فێنکەرەو ساردکەرەوە و رووبەری ژوورەکان و گۆڕەپانی یاریکردن و پێداویستیەکانی تری قوتابخانەیەکی سەردەمیانەی تێدا نەبێت کە لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا بۆ قوتابخانە ناحوکمیەکان دیاری دەکرێت. (سلوم و محمد،2019: 79 )، هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری گرنگە بۆ قوتابخانە ناحوکمییەکان کە جیاییاندەکاتەوە لە قوتابخانە حکوومییەکان بەوەی بتوانن نوێترین ئامرازی فێرکاری و تەکنۆلۆجیای سەردەم بۆ پرۆسەی فێرکاری بەکاربهێنن، ئەمە و ژمارەی کەمی خوێندکاران لە پۆلدا و گرنگیدانی زیاتر بە چالاکیەکانی ناوپۆل هۆکارێکە لە قوتابخانە حکوومییەکان بۆ بەرزبوونەوەی کوالێتی فێربوون(محمد وصالح،2013: 498).   .

دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوە لەم خالانەی خوارەوە بخەینەروو :-

- دەستنیشانکردنی چەندێتی پەیڕەوکردنی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە باخچە و قوتابخانەکانی سنوری شاری کەلار.
- ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاشنا دەکات بە لایەنە لاواز و بەهێزەکانی خوێندنی ناحکومی لەسنوری توێژینەوە .
- ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەسوود دەبێت بۆ دانیشتوانی سنووری توێژینەوە بەوەی تاچەند متمانەیان بەکەرتی ناحکومی هەبێت.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوە (أهداف البحث ) The Aims of the Research:

بریتییە لە (هەڵسەنگاندنی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە شاری کەلار) .

## 4-1 سنوری توێژینەوە (حدود البحث ) Rsearch limits :

- سنووری شوێن : بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار .
- سنووری مرۆیی : باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانی منداڵان لە شاری کەلار.
- سنووری کات : سالی خوێندن (2023-2024) .
- سنووری بابەت : مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ پێدانی مۆڵەت بە باخچە و قوتابخانەی ناحکومی .

## 5-1 پێناسەکردنی زاراوەکان (تعريف المصطلحات) Definition Conceptions:

### 1 - 5 – 1 هەڵسەنگاندن (التقويم ) Evaluation :

- ( نعمت ، 2012) پێناسەی دەکات بەوەی :- " بریتییە لە بڕیاردان سەبارەت بەو بابەت و دیاردە وباس وگرفتەی کەپێوانەکراوە بە پەسەندکردن یاخود ڕتکردنەوەی لەڕوانگەی چەند پێوەرێکی دیاری کراو، واتە وەسفکردنی چۆنیەتی جۆری شتێك"(نعمت ،2012 : 27).

- (عزیز،2012) پێناسەی دەکات بە:- " کردارێکی ڕێکخراو بۆ کۆکردنەوە ی زانیاری و شیکردنەوەی ، ئەمەش بەمەبەستی بڕیاردان لەسەری و دواجار چاککردنی لایەنە لاوازەکان و گەشەپێدانی لایەنی بەهێزەکان " . (عزیز ،2012: 122) .

( الزبادی و أخرون ، 1990) پێناسەی دەکەن بەوەی : " پرۆسەیەکی چارەسەری ورێنمایی ودیاریکردنی لە چەندێتی بە دیهاتنی ئامانجەکانە لە باخچەدا " (الزبادی واخرون ،1990 : 115)

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر:-"بریتیە لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەڕێگەی برگەکانی فۆرمی تێبینیکردنەوە لەسەر چەندێتی بوونی مەرج ورێنماییەکان لە باخچەو قوتابخانە ناحکومیەکان لەناوەندی شاری کەلار"

**1 - 5 - 2 باخچەی منداڵانی ناحکومی ( رياض الاطفال الغير الحكومية ) Non-governmental Kindergartens :**

- لە فەرهەنگی دەروونناسیدا هاتوە : " دامەزراوەیەکی پەروەردەییە تایبەتە بە منداڵان لە قۆناغی تەمەنی پاش دایەنگە و پێش قوتابخانەی سەرەتایی پرۆگرامەکانی ئەم باخچەیە لەسەر بنەمای چالاکی و یاری کردن کە بەهایەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەیە بوار دەرەخسێنێت بۆ منداڵان لە گوزارشتکردنی خودییەتیان ،و ڕاهێنان لەسەر ژیانی کارکردنیان لە ناوکۆمەڵ" . ( اللجنة العلم النفس والتربية ، 1984 : 24 ).
- (علی وئەوانیتر،٢٠١٣) پێناسەی دەکات بەوەی "دەزگایەکی پەروەردەییە کەرتی تایبەت دەیبات بەڕێوە ، ئەم دەزگایە تایبەت کراوە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ لە تەمەنی ٤-٥ ساڵان ، ئامانج تێدا منداڵ فێری بەهایی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بکرێت"(علی ،٢٠١٣ : ٢٠).
- (جرادات، ٢٠١٩) پێناسەی دەکات بەوەی "دەزگایەکی فێرکاری وپەروەردەیی سەربەخۆیە، ئامانج لێی یارمەتیدانە لەدروست کردن وبنیاتنانی بناغە و کەسێتی منداڵ"(جرادات،ل ٢٠١٩،١١٢).

پێناسەی ڕێکاری توێژەر " دامەزراوەیەکی مۆڵەت پێدراوی ناحکومیە ، بەپێی مەرج و بنەماکانی ڕێگەپێدانی وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێت ، تێدا منداڵانی تەمەن چوار بۆ شەش ساڵ فێری بنەما سەرکیەکانی پەروەردەی درووست و مەبەستدار دەکات ، ئامانجی پەرپێدانی بەهاباڵاکان و گەشەپێدانی منداڵێکی لەڕووی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ئەقڵییەوەیە " .

**1 – 5 – 2 – 1 قوتابخانەی ناحکومی( المدرسة الاهلية) Non-governmental schools**

- (فرج ، 2022 : 76) پێناسەی دەکات بەوەی بریتیە : " قوتابخانەی ناحکوومی دەزگایەکی پەروەردەی کەرتی تایبەتە کە ملکەچە بۆ یاساکانی وزارەتی پەروەردە هەمان پرۆگرامی قوتابخانە حکومییەکان تێدا پەیرەو دەکرێ بە زمانی بێگانە یاخود زمانی فەرمی وڵات، بەڵام خاوەندارتیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ حکوومەت(فرج ،2022 : 76).
- (الشهری ،2003)پێناسەی دەکات بەوەی بریتیە : " ئەو دامەزراوە فێرکارییە ناحکومیانە دەگرێتەوە کە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە هەڵدەستێت بە هەرجۆرێك لە جۆرەکانی فێرکردن پێش قۆناغی زانکۆیی، بەدەر لەو قوتابخانەو پەیمانگایانەی کە سەفارەت و کۆنسڵخانە بیانیەکان پاڵپشتی دەکەن"( الشهری ،2003: 7).

**1 – 5 – 3 شاری کەلار ( مدينة كلار) Kalar City :**

- (عزیز،2013) پێناسەی دەکات بەوەی" ناوچەیەکە لەڕووی مێژووییەوە بوونی ژیان و ژیاری تیایدا بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زاینی دەگەڕێتەوە، ئەم ناوچەیە هەر ئاوەدان بووە تاوەکو سەردەمی بەعس بەپێی مەرسومێکی کۆماری ژمارە (137 ) کەلە ( 28 /1970/2 ز) دەرکراوە بڕیار دراوە بکرێ بەقەزا ، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لەپارێزگای کەرکوك کەمبکرێتەوە لەداهاتوودا دابڕێت لە پارێزگای کەرکوك وەبەپێی مەرسومێکی کۆماری ( 608) کەلە (1975/11/6 ز)دا ڕاگەیاندراوە خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی" (عزیز ، 2013، 59).

- (عەلی،٢٠١٤) پێناسەی دەکات بەوەی"شاری کەلار سەنتەری قەزایەکە لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بە پارێزگای سلێمانیە لە هەرێمی کوردستانی–عیراق دەکەوێتە سەر ڕووباری سیروان" (عەلی ، ٢٠١٤: 10 ).

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر " شارێکە دەکەوێتە باشووری پارێزگای سلێمانیەوە بەدووری 135کلم ، هەروەها سەنتەری قەزایەکە کە بەپێی مەرسومێکی سەرۆکایەتی کۆماری حکومەتی عێراق لەساڵی 1970 دەبێتە قەزا ، ئەم ناوچەیە بە بەرهەمی کشتوکاڵی و چالاکی بازرگانی بەناوبانگە . گرنگترین سیماکانی ئەم شارە ڕووباری سیروان و قەڵای شیروانەیە ، لەئێستادا ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە دووسەدوپەنجاهەزار کەس دەبێت و ، لەسەر ڕووبەری ٥٨٣کم دووجار بونیاتنراوە " .

## 2 بەشی دووەم: باکگراوەندی توێژینەوە وتوێژینەوەکانی پێشوو

### 1-2 باخچە و قوتابخانەی منداڵانی ناحکومی (رياض الاطفال والمدارس الغير الحكومية) Non- Kindergarten & school Government

باخچەی منداڵان لەسەدەی نۆزدەهەم لەئەنجامی هەوڵی (یوهان هاینرش بستالۆزی)سویدی و (فردریک فرۆبڵی)ئەڵمانی و (ماریا مۆنتیسۆری )ئیتاڵی ، وەدەرکەوتوون و ئەوان لەپێشەنگانی دامەزرێنەرانی باخچەکانی منداڵان (علی ،٢٠١٣ : ٢٠ )بەتایبەت فرۆبڵ کە لەساڵی 1837 لە شاری بلادنبرگ لەئەڵمانیا باخچەی بەشێوەی فەرمی دامەزراند.

باخچەکان وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکارییە ڕۆڵی کەمترنیە لە ڕۆڵی قوتابخانە ، بەڵکو بە قۆناغێکی هەستیارتر دادەنرێ، چونکە یەکەم هەنگاوی فێربوونی منداڵە و دورکەتنەوەیەتی لەخێزانەکەی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک و، پەرەپێدانی لێهاتوویەکانی منداڵە لەڕووی مەعریفی و جوڵەیی و کۆمەڵایەتیەوە، یارمەتیدانی منداڵە بۆ دەربڕینی بیرواکانی خۆی بەهێزکردنی کەسایەتی خۆی ، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ قۆناغی باخچە بکرێت بە لاوازترین قۆناغ ئەگەر مامۆستایەکی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون نەبێ ، لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە قۆناغی باخچە لەسەر مامۆستا بەندە واتا مامۆستا دەتوانێ کەسایەتی جیاواز بۆ هەریەک قوتابیەکانی دروستبکات، ئەویش لەڕێگەی هەوڵدان و فێربوون و چالاکیەو پەروەردەوە دەبێ . پرۆگرامەکانی خوێندن لەباخچە پرۆگرامێکی جیاواز و چێژ بەخش و جۆراو جۆرە زیاتر پشت بە چالاکی پەروەردەیی دەبستێت منداڵ فێری بنەماکانی فێربوون و نووسین دەکرێت و هەوڵدەدرێ فێری بەها کۆمەڵایەتیەکان و سروودی جۆراوجۆر وەرزشکردن بکرێن(محمد،٢٠١٧ : 9 - 10) .

باخچەی منداڵانی ناحکومی بەو دامەزراوە پەروەردەییە دەوترێت کەلەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێت لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە ، ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە تەمەنیان لەنێوان (4-5)ساڵیدایە ، خوێندن تێدا بە دوو قۆناغ بەڕێوەدەچێت، قوتابی تێدا لەڕێگەی پرۆگرامێکی تایبەتەوە گەشە بە لایەنەکانی مەعریفی –کۆمەڵایەتی – ویژدانی – دەروون جوڵەیی دەدرێت.هەروەها باخچەی منداڵانی ناحکومی ناسێنراوە بەو دەزگاپەروەردەییەی کەتایبەتکراوە بۆ پەروەردەکردنی ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان لەنێوان ( چوار بۆ شەش ) ساڵیدایە و چەندین چالاکی جۆراو جۆری تێدایە ئەنجامدەدرێت کەئامانج لێییان ئەوەیە منداڵ فێری بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان بکەن و ، دەرفەتی خۆ دەربڕینیان بۆ بڕەخسێت و مەشقیان لەسەر چۆنیەتی ژیان و کارلێککردنیان پێ بکەن( علی وئەوانیتر ،2013: 8 ).

## 2-1-1پێوەرەکانی متمانە بەخشین لە باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان لەڕووە جیهانیەوە :-

پێوەرەکانی قوتابخانە و خوێندنگە ناحکوومییەکان بەپێی سەردەم و بەرەو پێشچوونی تێورو تێزە پەروەردەییەکان هەنگاوی ناوە بۆ هەر سەردەمێك کۆمەڵێک پێوەر دانراوە بۆ ئەو باخچە و قوتابخانە و خوێندنگەیانەی کە حکوومەت و دەوڵەت خاوەندارێتیان ناکات، ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر و حکوومەت ، پێوەرەکان گۆڕانکاریان بە سەرداهاتووە لە گرنگترینیان لە ئێستادا بریتین لەم پێوەرانەی خوارەوە:-

یەکەم/ لە کۆنترین پێوەرەکانی متمانەبەخشین بە باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومیەکان بریتی بوو لە(ڕێژەی دەرچوون)ی قوتابی، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنەکانی سێکتەری پەروەردە ئەم پێوەرە گۆڕا بۆ چەندێتی جێبەجێکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی چالاك لەلایەن مامۆستاوە لەو باخچە و قوتابخانە و خوێندنگەیانە، زۆری نەبرد ئەم پێوەرەش گۆڕانکاری بەسەردا هات بۆ جێبەجێکردنی نوێترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەلایەن مامۆستاوە لەو باخچە و قوتابخانانەدا، لەدواتردا گرنگی بە ڕاهێنانی مامۆستایان درا بە شێوازێکی پیشەگەرانە، لەگەڵ پەیڕەوکردنی ڕێگانوێیەکانی وانەوتنەوە، پاشان لە قۆناغێکی دواتردا گۆڕا بۆ هەمە جۆری و فرە چەشنەیی لە پێشکەشکردنی وانەکان بە ڕێگا و ستراتیژی نوێی فێرکاری لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازە فێرکاریەکان هاوکات توانای قوتابخانەکان لە ڕاهێنانی مامۆستاکان ئەو پێوەرانە بە بەردەوامی جەختی لەسەر دەکرایەوە تاوەکوو زۆرترین پێوەری زانستی بەپراکتیکی لە قوتابخانە ناحوکمییەکاندا پەیڕەو بکرێن ، چونکە پێیان وابووە هەموو ئەوانە ڕۆڵیاندەبێت لە بونیاتنانی کەسێتی قوتابی/خوێندکار بە شێوەیەک تواناداری پێببەخشێت بۆ گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر(الطائی و سلو ،2019: 24).

دووەم/ پێوەری هاوسۆزی :- هاوسۆزی لە ڕووی ڕێکارییەوە لەباخچە و قوتابخانە ناحکومیەکاندا بە مانای گوێگرتن لە پێداویستیەکانی خوێندکار لە سەرجەم ڕووەکانی مەعریفی تەرفیهی و چالاکی مامەڵەکردنەکان لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانە ڕەچاوی لایەنی: ئاکاری و ئارامگرتن و دەستپێشخەری و وردبینیکردن لە زانیارییەکان و بوواردان بە خوێندکاران بۆ دروستکردنی ڕایەکی تایبەت بە خۆیان و سەربەخۆی کەسێتی و بوواردان بە چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەی گرووپ و چارەسەری کێشەکانی خۆیان لە ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە و بیرپژانەوە، هەموو ئەمانە لە پێناو دروستکردنی کەسێتیەکی سەربەخۆ و گرنگیدان بەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدەر لەلایەنی مەعریفە بەڕێوەبچێت.

سێیەم/ سێیەم پێوەری گەرەنتی و سەلامەتی:- گەرەنتی و سەلامەتی واتە جگە لە پرۆسەی فێربوون کە گەرەنتی فێربوونێکی باش و دەرئەنجامێکی باش لە قوتابی خوێندکار دەکرێت، بەدیهێنانی دروشمەکانی قوتابخانەشە، چونکە زۆرێک لە قوتابخانە ناحکومییەکان هەڵگری دروشمەکانی داهێنان و دۆزینەوەی بەهرە و گەشەپێدان و فێربوونی باشن، هەموو ئەوانە لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنی خوێندکارەوە بەدیدێت لە وانەکانی نێو پۆل و ، هەروەها سەردانیکردنی چالاکیەکانی دەرەوەو لە پێناو بەدیهێنانی گەرەنتی و سەلامەتی وەک پێوەرێکی قوتابخانە خوێندن ناحکومییەکان (الطائی و سلو ،2019: 24).

چوارەم/ پێوەری دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە کە یەکێکە لەو پێوەرانەی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەو خوێندنگە ناحوکمییەکانی لەسەر دەکرێ، بەوەی لە ڕووی ژێرخانی مادییەوە چەندە توانیویەتی وەڵامدەرەوەی تەکنەلۆژیای سەردەم و پێداویستیە فێرکارییە نوێکانی وانەوتنەوەو پاکو خاوێنی و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی سەردەمی بێت.

پێنجەم/ پێوەری بینا و دیزاینی باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە بەوەی شوێنی بیناکە و ڕووبەر و ژمارەی پۆل و ڕووبەری پۆل و ژمارەی قوتابی بەراورد بە خوێندکاران و قوتابییانی وەرگیراو پێوەرێکی دیکەی باخچە و قوتابخانە ناحکوومییەکانن کە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت . (الطائی و سلو ،2019: 25).

هەڵبەت هەموو ئەوانەی خرانەڕوو پێوەری گشتی و جیهانین ، لەهەرێمی کوردستانیش هەمان ئەو پێوەرانە بەوردەکارییەوە لە ڕێنماییەکاندا هاتووە کە ئێمە لێرەدا نایخەینەڕوو، چونکە لەپاشکۆی هەردوو فۆرمی ڕاپرسی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان بەشێوەی برگەی خستومانەتەڕوو .بڕوانە پاشکۆکانی(2 ، 3).

## 2-1-2دەرکەوتنی خوێندن و فێرکردنی ئەهلی :-

لەگەڵ داهاتنی ئیسلامدا فێرکردنی ئەهلی درووست دەبێت بە مانا سادە وساکارەکەی ، واتە ئەو کاتەی پێغەمبەر(د.خ) کۆچی نەکردبوو بۆ شاری مەدینە، کاتێك لە سەردەمی بانگەوازی نهێنی بوو لەماڵی (ئەرقەمی کوری ئەرقەم) بەسەرپەرشتی خوودی پەیامبەر و بەنهێنی هاوڵەکان کۆدەبوونەوە و بنەما و بنەڕەتەکانی ئیسلامی فێردەکردن ، هەروەها کاتێك کۆچیان کرد ( مەصعەبی کوری عومەیر) لەمەدینە قوتابخانەیەکی دامەزراند وهەر بۆ خۆشی یەکەم مامۆستاش بوو لە ئیسلامدا ( شفي ، 1992: 23) ، بەڵام پاش کۆچ شوێنی فێرکردن گۆڕا بۆ مزگەوت و پیری صەفوە تێدا دەیانخوێند لەگەڵ ئەو کەسانەی ماڵ وحاڵیان نەبوو ، هەروەها پەیامبەر خۆی سەرپەرشتی فێرکردنی ئافرەتانی دەکرد لە مەدینە ، پەیامبەر هەمیشە پێداگری کردوە لەسەر فێرکردن وفێربوونی زمانی بیانیشی لا پەسەند و باش بووە ، ئەوەتا پەیامبەر بە (زەید کوری سابت ) دەڵێت فێري زماني يەهودی ببە وئەویش فێردەبێت ، پاشان پێی دەڵێت فێری سریانیش ببە ، چونکە نوسراوم بە زمانی سریانی بۆ دێت ، ناوبراویش لەماوەی کەمتر لەمانگێك فێردەبێت . ( شفي ، 1992: 24 ) لەسەردەمی ئومەوییەکانیش بەتایبەت سەردەمی ( وەلیدی کوری عەبدولمەلیك 86ك – 704 ز) پاداشتێکی مادی دەدا بەو کەسانەی کە بە بەردەوامی سەرقاڵی پیشەی فێرکاری بوون ، ئەم ڕەوشە خەلیفەکانی تر دوای ئەویش بەردەوام بوون لەسەر تەنانەت تاوەکو سەردەمی عەباسیەکانیش .

هەرچەندە مێژووی پەروەردە بەبەراورد بەقەزابوونی کەلار لەپێشترە ئەوەتا یەکەمین قوتابخانەی حکومی بەناوی قوتابخانەی شێروانە لەساڵی 1931 لەگەڕەکی کەلاری کۆن دامەزراوە، ئەمەو هەرچەندە پێش دەساڵێك و بەتایبەت لەساڵی 1920 لەشاری کفری یەکەمین قوتابخانەی حکومی بەناوی (قوتابخانەی باوەشاسوار) دەکرێتەوە، هەرچی قەزای خانەقینە هەر لەسەردەمانی عوسمانیەوە شوێنی هەڵکەوتنی چەندین مەلای ئاینی بووە لەوانە

مەلا قاسم و مەلا حسن لە گوندی بان میل و مەلا نادر و شێخ عەلی ئەمیر لە گوندی کەهرێز ، هەروەها مەلا عبدالصمد سلێمان لە گەڕەکی پاشاکۆپری..، ئەوەی جێگەی سەرنجە یەکەمین قوتابخانە لە پارێزگای دیالی و دووەم قوتابخانەی فەرمی حکومی لەسەر ئاستی عێراق لەساڵی 1908 بووە بە ناوی قوتابخانەی عەلیاوا لە گوندی عەلیاوای کە ئێستا کەوتوەتە ناو شارەکەوە ، شایانی باسە ئەم قوتابخانەیە لەبنەڕەتدا کۆشکێك بووە بۆ بنەماڵەی پاشایەتی هاشمی بونیادنراوە و دواتر بووە بە قوتابخانە، یەکەمین باخچەش لە شاری خانەقین لە ساڵی 1958بەناوی باخچەی خانەقین بووە کە تاوەکو ئێستاش ماوە ناوەکەی بووە بە باخچەی، بەڵام هەرچی مێژووی باخچە و قوتابخانە ناحکوومییەکان لە شاری کەلار مێژوویەکی نوێیە و دەتوانین بڵێین یەکەمین باخچە و قوتابخانەی ناحکوومی پێکەوە خۆی لە باخچە و قوتابخانەی وانووی ناحکومی دەبینێتەوە کە لە ساڵی خوێندنی 2012-2011 دامەزراوە و لە سەرەتادا ئەم دامەزراوەیە لە چەند کابینەیەک خۆی بینیوەتەوە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ گەڕەکی بنگرد لە گوندی دریم لاند لە باڵەخانەیەکدا درێژەیان بە پرۆسەی خوێندن داوە تاوەکو ساڵی خوێندنی 2016-2017بینایەکی سەربەخۆ و گەورە بۆ خۆیان درووستدەکەن و تاوەکوو ئێستاش لەو بینایە پرۆسەی خوێندن بەڕێدەکەن کە بیناکە هەم باخچەی مناڵانی تێدایە هەم قوتابخانە، دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو باخچە و قوتابخانە نا حوکمیانەی کە زۆرینەی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی تێدا فەرام کراو زۆرترین منداڵ و قوتابی تێدا دەخوێنن. هەروەها یەکێکی دیکە لەو باخچە و قوتابخانە ناحکومیانەی لەشاری کەلار بینای سەربەخۆ و منداڵ و قوتابی زۆری لەخۆگرتووە باخچەی مێخەك و قوتابخانەی دوارۆژە کە باخچەکەیان لەساڵی 2017-2018 لە بینایەکی سەربەخۆی کرێ لە شارەدێی گردەگۆزینە دامەزراوە ، پاش دوو ساڵ خوێندن تێدا و هەڵپەساردنی بۆ ماوەی ساڵێك گواستراوەتەوە بۆ بینای قوتابخانەی دوارۆژ لەساڵی خوێندنی 2020-2021 و تاوەکو ئێستا بەشێوەی سەربەخۆ بەردەوامە، هەرچی قوتابخانەکەیە واتە قوتابخانەی دوارۆژی ناحکومی بەزمانی ئینگلیزی لەساڵی خوێندنی 2018-2019 دامەزراوە و تاوەکو ئێستا خزمەتگوزرای پەروەردە و فێرکردن پێشکەشدەکات . هەرچی ناوی باخچە و قوتابخانەی ناحکومی ناوەندی شاری کەلار هەیە لەگەڵ ساڵی دامەزراندنیان و ژمارەی منداڵ و قوتابیەکانیان لە کۆمەڵگەی توێژینەوە خراونەتەڕوو .

ئەزموونی هەندێك لە وڵاتان لەبواری خوێندنی ناحکومی :

سەرەتاکانی فێر کردنی ناحکومی لە وڵاتی سعودیە :

لەڕاستیدا بۆیە وڵاتی شانشینی عەرەبی سعودیەمان هەڵبژاردوە ، چونکە لە یەکەمین وڵاتانی دراوسێی عێراقە ناوچەکە گرنگی بە خوێندنی ناحکومی دابێت .

سەرەتاکانی فێر کردنی ناحکومی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەری وڵاتی سعودییە (شاعبدالعزیز) کە هەر لە سەرەتاوە درکی بە گرنگی فێرکردن کردووە بۆ وڵاتەکەی کە فاکتەری سەرەکی پێشکەوتن و گەشانەوەی هەر وڵاتێکە ، هەر بۆیە بە دوو قۆناغی جیا ئەم گرنگی پێدانەی دەسپێکرد ئەوانیش :-

قۆناغی یەکەم / لە ساڵی (1319ك -1901 ز) دەستی پێکرد لە پایەتەختی وڵات پاشان درێژەی پێدراو تەنانەت گوندەکانیشی گرتەوە .

قۆناغی دووەم/ لە ساڵی (1402ك - 1982ز ) شا عبد العزیز تیایدا گرنگی تایبەتی بە خوێندنی ئەهلی دا لە وڵات ، پێش ئەم بەروارە تەنها چوار دامەزراوەی نا حکومی لە (مەکە )دا هەبوون ، بەڵام هەر پاش بڕیاری پادشا کۆبوونەوەی لەگەڵ زانایان بۆ ڕاوێژکردن سەبارەت بە فراوانکردنی فێرکردنی نا حکومی لەو وڵاتەدا ، هەروەها شا عبدالعزیز خەڵکانی خێر خوازی وڵاتەکەی ئامۆژگاریکرد بەوەی کە قوتابخانەو دەزگای فێرکاری ئەهلی لە وڵاتدا دابمەزرێنن . هەر ئەم هەنگاوە بوو کە کەسێکی وەك (شلبی ) بڵێت لە ساڵی (1407ك) ئەو فێرگە ناحکومییانە لە وڵاتی سعودیە کاریگەرییەکی کارایان هەبێت لە ڕۆشنبیرکردن و فێرکردنی خەڵکی وڵاتەکە .

خوێندن لە دامەزراوە ناحکومییەکان لەو دەست پێکەدا لە وڵاتی سعودیە بو بە هۆی بووژانەوەیەکی گەورە لە کەرتی حکومیشدا ، چونکە دەرچوانی ئەو فێرگە ناحکومیانە بوون کە ببوون بە کادیری جۆراو جۆر لە سێکتەرەکانی حکومەتدا لە وڵاتی سعودیە ، ئەم پشتیوانییە مادی و ڕۆشنبیرییەی حکومەت بەردەوامی هەبوو تاوەکو گەیشتە زۆربەی پارێزگاکانی وڵات . (الشهری ،2003: 12) .

**هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی فێرکردنی ناحکومی و گەشەکردنی لە وڵاتی سعودیە :.**

فاکتەرەکانی گەشەکردن وبڵاوبوونەوەی فێرکردنی ناحکومی لە وڵاتی سعودیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە.

1- فاکتەری دیمۆگرافی (دابەشبوونی دانیشتوان ):.زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان بوو بەهۆی فراژوبوونی خواست لەسەرفێربوون ، ئەم ڕەوشە وایکرد حکومەت پەنا بباتە بەر دامەزراوە ئەهلییەکان (ناحکومییەکان) هەرچەندە گەشەکردنی ژێر خانی فێرکاری بەردەوام بوو لەکەرتی حکومی .

2- فاکتەری ئابوری : بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوانی وڵات هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی خواست لەسەر فێربوونی ناحکومی ، بەتایبەت لەڕووی پێشکەشکردنی بەرنامەی پەروەردەیی و وتنەوەی زمانی بیانی و فێربوونی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر وپرۆگرامە پەسەندە سەردەمییەکانی تریش ، هەموو ئەمانە فاکتەر بوون بۆ خواست لەسەر فێربوونی ناحکومی .

3- فاکتەری پەروەردەیی : پەیوەندی بە کوالێتی فێربوون و کەمی ژمارەی قوتابیەکان لە پۆلی خوێندندا هاوکات بەردەست بوونی توانا پەروەردەییە پێشکەوتووەکان لەڕووی پرۆگرام و کادریی پەروەردەیی لە فاکتەرە پەروەردەییەکان بوون بۆ زیادبوونی خواست لەسەر خوێندنی ناحکومی .

4- بەرزبوونەوەی ئاستی فێرکاری هاونشتیمانیان وایکردن کە بابەتی پێشکەوتن و فێرکردنی منداڵەکانیان بخەنە دەسپێکی گرنگترین بابەتەکانی ژیانیان . ( الشهری، 2003 : 30 – 31)

5- ئەو ئاسایشە ئابورییەی کەوڵاتی سعودیەی گرتووەتەوە وای کردووە کە سەرمایەدارەکان سەرمایەکانیان لە بواری فێرکردنی ناحکومی بخەنە وەبەر هێنانەوە.

6- ئەو ئاسانکارییە زۆرانەی کە بۆ کەرتی ناحکومی کراوە لە وڵاتدا بەتایبەتی لە ڕووی پاڵپشتی داراییەوە وایکرد کە ئەم کەرتە گەشەبکات .

7- هاتنی ژمارەیەکی زۆر هاونشتیمانیان لە دەرەوەی وڵاتی سعودیە وایکردووە مناڵەکانیان بخەنە بەر ئەو خوێندنە ناحکومییانە کە بەزمانەکانی خۆیان یان زمانی ئنگلیزییە(کنساوی ، 1999 : 17) .

ئامانجەکانی وەبەرهێنان لە فێرکردنی ناحکومی :

پەیوەندی گەشەکردنی دامەزراندن و فێرکردنی ناحکومی لە سعودیە دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی بڵاوکردنەوەی زانیاری و مەعریفە لای هاوڵاتیانی سعودیە و دەستگیرۆیان بە زانستەوە ، گەواهی ئەم ڕاستیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دامەزراندنی هەندێك لەو ناوەندە فێرکاریانە مەبەست لێی تەنها قازانج ویستی ماددی نەبووە ، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی زانست بووە ، لە گرگترین ناوەندە فێرکاریە ناحکومیەکانیش ناوەندی فێربوونەکانی الصولنیە(1291)ھ (المدرسە الفخریە العمانیە) (1298) ھ و ( مدارس الفلاح) 1330ھ و (مدرسە النجاح اللیلە) 1350ھ و، (مدرسە دار الحدیث) 1353ھ و (مدرسە دار الآیتام) 1355ھ و (المدرسە الخیریە العارفیە) 1358ھ ..تاد (وزارة المعارف ،1996: 34 ) پاش ئەوەی وڵاتی سعودیە هەڵی فێربوونی بۆ سەرجەم دانشتوان ڕەخساند خوێندنی ناحکومی بەرەو داکشان چوو( المقادمي،1985: 64)، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا باشتر بوونی بژێوی ژیانیان واتا(زۆر بوونی داهاتی تاك لەو وڵاتە) پرۆسەی فێرکاری خۆی لە نوێ بوونەوە بینیوە بە کۆمەڵێك ئامانج لەوانە:

1. بۆ بەدەستهێنانی جۆرێتیەکی (کوالێتی) ناوازە لە فێرکاری .
2. فێربوونی زمانە بیانییەکان .
3. فێربوونی کۆمپیوتەر.
4. بەدەستهێنانی جۆرێکی تایبەت لە پەروەردەو تەمبێ کاری .
5. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستهاتی فێربوون . (السلامة ، 2019 : 9).

خشەی (٢-1) توێژینەوەکانی پێشوتر

| ژ | ناوی توێژەر\وەڵات | ناونیشان | گۆڕاوی پەیوەندیدار | ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | الدهان ، لمي رزاق غني كريم ، العراق 2014 | ڕادەی قەبوڵکردنی ژینگەی پۆلەکانیان لەلایەن منداڵانەوە لەباخچە حکومی وناحکومیەکان . | باخچەی ناحکومی | 1- تاقیکردنەوەی تائی<br>2- ناوەندی ژمێرەیی<br>3- کێشی سەدی | -قەبوڵکردنی منداڵان ژینگەیی پۆلەکانیان لە باخچە ناحکومیەکان .<br>-بوونی ئاماژەداری ئاماری لە بەرژوەندی ( قابلبوون و کێبرکێ وهاوچەشنی).<br>- نەبوونی ئاماژەی ئاماری لەنێوان قەبڵکردنی ژینگەی پۆل لای باخچەی حکومی و ناحکومی . |
| 2 | عبدالقادر ، عمار عبدالله ، 2018 العراق | شیاویی شیکارکردنی شوێن بۆ باخچە ناحکومیەکان لەشاری بەغداد | باخچەی ناحکومی | - | 1-زۆربەی باخچەی ناحکومی بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەرەکان کە لایەنی پەیوەندیدارەکان دایاناوە دامەزراون .<br>2-کۆبونەوەی باخچەکانی منداڵان لە ڕووبەرێکی بچووکی نیشتەجێبووندا ، وەکو ئەو شوێنانەی چڕی دانیشتوانی زۆرە یاخودشوێنی بازرگانین . |
| 3 | الشطي ، هديل يوسف ، 2019 الكويت | هەڵسەنگاندنی شیاویی مامۆستایانی باخچە لەکەرتی حکومی وناحکومی لەوڵاتی کوێت | باخچەی ناحکومی | تەحلیل تیباین | 1- ئەو مامۆستایانەی دوو زمان دەزانن توانایەکی باشتریان هەیە بۆ فێرکردنی بنەڕەتەکانی فێرکردنی منداڵان کە ئامادەباشیان دەکات بۆ قۆناغی بنەڕەتی .<br>2-کەموکورتی هەیە لە ئامادەکردنی مامۆستایان لە قوتابخانە حکومیەکاندا " ئیدی لەکاتی پێگەیاندن بێت یاخود لەکاتی خزمەتکردنیان وەك مامۆستا کە خولیان بۆ ناکرێتەوە .<br>3-مامۆستای کەرتی ناحکومی بەشێوەیەکی گشتگیرتر لە ئامادەکردنی منداڵانەوە خەریکن بە بەراورد بە کەرتی حکومی . |
| 4 | الطائي ،عادل محمد عبدالله و سلو ، فراس فيصل, 2019 , العراق | هەڵسەنگاندنی ئاستی کوالیتی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە قوتابخانە ناحکومیەکان بەپێی مۆدیوڵی | قوتابخانەی ناحکومی | - | 1-قوتابخانەی حکومی وماحکومی جیاوازیان نییە لە گەیاندنی مەعریفە بە گۆڕانکاری لە تواناکانی قوتابیان .<br>2-مامۆستایانی قوتابخانەی ناحکومی سەرنجی زیاتری منداڵان ڕادەکێشن.<br>3-چاودێریکردنی ئەلیکترۆنی منداڵان لەلایەن داکوباوکانەوە هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی دایەبابەکان و |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | servQual | | | ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەو قوتابخانانە. |
| 5 | فرج ، اخلاص زكي ،2022، العراق | پێداویستیەکانی پراکتیکردن (iso9001:2015 لە قوتابخانە ناحکومیەکان | قوتابخانەی ناحکومی | ناوەندی شیاوی و دووباربووەکان و ڕێژەی سەدی | 1.لاوازی هۆشیاری کادیرانی پەروەردەیی لە قوتابخانە ناحکومیەکانی عێراق بە پێوەرەکانی ئایزۆ.<br>2.لاوازی گەڵاڵەکردنی پێوەرە جیهانیەکان لەلایەن دەسەڵاتی باڵاوە بۆ پەیڕەوکردنی لە قوتابخانە ناحکومیەکان.<br>3.لاوازی هەڵسەنگاندنی شیاویی قوتابخانەکان بەپێی مەرجەکانی ئایزۆ ،بەهۆی پەیڕەونەکردنی سیستمی دڵنیایی جۆری. |
| 6 | محمد ، سلمان، 2015، فلسطين | ڕەچاوکردنە پەروەردەیەکان لای بەخێوکەران کاتێك منداڵەکانیان پەیوەندی بە قوتابخانە تایبەتەکانەوە دەکەن. | قوتابخانەی ناحکومی | ناوەندی شیاوی کێشی سەدی | 1. بونی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی ناحوکمی کێڕکێ دروستکردوە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی خوێندن لە قوتابخانەکانی غەزە .<br>2. دامەزراندنی مامۆستای تازەو ناشارەزا لە قوتابخانە حکومییەکان بووە هۆکاری ناونوسکردنی خوێندکاران لە قوتابخانەی ناحوکمی .<br>3. زۆر لە قوتابخانەکانی غزە لە بینای کرێدان بەهۆی گرانی نرخی زەوییەوە .<br>4. زۆر لەو قوتابخانانەی سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن بینای خۆیانن بەڵام ناتوانن بەگوێرەی پێویست چاکسازی بکەن و هۆڵی نوێ خوێندن دروست بکەن بە هۆی گرانی نرخی زەوی .(محمد, 2015, 229 : 228 ) |

## 2-2 گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو :

### 2-2-1شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە -:

هەریەکە لە توێژینەوەکانی ( الدهان ، لمي رزاق غني كريم) و( عبدالقادر ، عمار عبدالله) (الطائي، عادل محمد و سلو،فراس فيصل) ( فرج، اخلاص زكي )لە وڵاتی عێراق ئەنجادراوە . بەڵام توێژینەوەکانی ( الشطی ، هديل يوسف) و ( محمد ،سلمان) لە هەر یەکە لەوڵاتانی کویت و فلسطین ئەنجامدراون . ئەم توێژینەوەی ئێمەش هاوشێوەی توێژینەوەکانی ( الدهان ) و (عبدالقادر) و( الطائ و سلو) و(فرج) لە عێراق ئەنجامدراوە ، بەڵام لەهەرێمی کوردستان/ عێراق .

### 2-2-2 ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوە -:

توێژینەوەی ( الدهان ، لمي رزاق غني كريم) لەساڵی2014 ئەنجامدراوە، هەرچی توێژینەوەی( عبدالقادر ، عمار عبدالله) لەساڵی2018ئەنجامدراوە، هەرچی توێژینەوەی (الطائي، عادل محمد و سلو،فراس فيصل) لەساڵی2019 ئەنجامدراوە، بەڵام توێژینەوەی( فرج، اخلاص زكي ) لەساڵی2022ئەنجامدراوە . بەڵام توێژینەوەی(الشطی ، هديل يوسف) لەساڵی2019ئەنجامدراوە، توێژینەوە( محمد ،سلمان) لەساڵی2015ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی خوێندنی 2023- 2024 ئەنجامدراوە .

### 2-2-3 لەڕووی میتۆدی توێژینەوە -:

هەموو توێژینەوەکان کە سوودیان لێوەرگیراوە، توێژینەوەی (پەسنی ڕووپێووی) بوون ، ئەم توێژینەوەیەیی ئێمەش هەمان میتۆدی گرتوەتەبەر، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەم جۆرە ناونیشان و کێشانە بە میتۆدی پەسنی ڕووپێوی پێوستە ئەنجامبدرێت .

### 2-2-4 لەڕووی شوێنی گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوە -:

هەموو گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەکان کە سوودیان لێوەرگیراوە ، باخچە و قوتابخانەی ناحکومی بوون، ئەم توێژینەوەیەیی ئێمە لەیەك کاتتدا هەردوو گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەکانی تری لەخۆگرتووە کەبریتین لە باخچە و قوتابخانە ناحکومیە، ئەم کارەش دوو هۆکار دەسەلمێنن، ئەوانیش:-

یەکەم /فراوانترە لەڕووی وەرگرتنی گۆڕاوە پاشکۆکان کە هەردوو گۆڕاوی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانی وەرگرتوە.

دووەم/ لەیەککاتتدا باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانی شارێکی وەرگرتوە، بەم کارەش داتاوزانیاریەکانیش فراوانتربوون .

### 2-2- 5 ئامرازە ئاماریە بەکارهاتوەکان -:

لە توێژینەوەکەی ( الدهان ، لمي رزاق غني كريم) تاقیکردنەوەی تائی و ناوەندی شیاویی و کێشی سەدی بەکارهاتوە ، بەڵام توێژینەوەی( عبدالقادر ، عمار عبدالله) لە لەبەر ئەوەی تەنها ژمارەی خوێندکار و مامۆستا و پۆل خستوەتەڕوو و بەراوردی کردوە بە پێوەری ستانداردی لۆکاڵی ، بۆیە هیچ هاوکێشەیەکی ئاماری بەکارنەهێناوە ، بەڵکو تەنها ژمارەکان خراونەتەڕوو وشیکردنەوە و بەراورکاریەکەی بۆ خوێنەر بەجێهێشتوە . بەڵام لە توێژینەوەکەی ( شفي ، حاتم أحمد) تەنها ڕێژەی سەدی بەکارهاتوە. هەرچی توێژینەوەی ( العبد الطائی وسلو ) ئامرازە ئاماریەکانی ناوەندی ژمێرەیی و

لادانی پێوەری وکای دوجا و پلە و دووبارەبوەکانی بەکارهێناوە . بەڵام لە توێژینەوە (محمد ، سلمان ) ناوەندی شیاوی وکێشی سەدی بەکارهێناوە. هەرچی ئەم توێژینەوەشە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بەکارهێنراوە .

6-2-2 گرنگترین ئەنجامەکان توێژینەوەکانی پێشوو :-

لە توێژینەوەکەی ( الدهان ، لمي رزاق غني كريم) ئەنجامەکان بریتی بوون لە :-

- قەبوڵکردنی منداڵان ژینگەیی پۆلەکانیان لە باخچە ناحکومیەکان .
- بوونی ئاماژەداری ئاماری لە بەرژوەندی ( قایلبوون وکێبرکێ وهاوچەشنی).
- نەبوونی ئاماژەی ئاماری لەنێوان قەبڵکردنی ژینگەی پۆل لای باخچەی حکومی و ناحکومی

بەڵام توێژینەوەی( عبدالقادر ، عمار عبدالله) ئەنجامەکان بریتی بوون لە :-

- زۆربەی باخچەی ناحکومی  بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەرەکان کە لایەنی پەیوەندیدارەکان دایاناوە دامەزراون .
- کۆبونەوەی باخچەکانی منداڵان لە ڕووبەرێکی بچووکی نیشتەجێبووندا ، وەکو ئەو شوێنانەی چڕی دانیشتوانی زۆرە یاخودشوێنی بازرگانین

. بەڵام لە توێژینەوەکەی ( الشطى ، هديل يوسف) ئەنجامەکان بریتی بوون لە :-

- ئەو مامۆستایانەی دوو زمان دەزانن توانایەکی باشتریان هەیە بۆ فێرکردنی بنەڕەتەکانی فێرکردنی منداڵان کە ئامادەباشیان دەکات بۆ قۆناغی بنەڕەتی .
- کەموکورتی هەیە لە ئامادەکردنی مامۆستایان لە قوتابخانە حکومیەکاندا " ئیدی لەکاتی پێگەیاندن بێت یاخود لەکاتی خزمەتکردنیان وەك مامۆستا کە خولیان بۆ ناکرێتەوە .
- مامۆستای کەرتی ناحکومی بەشێوەیەکی گشتگیرتر لە ئامادەکردنی منداڵانەوە خەریکن بە بەراورد بە کەرتی حکومی .

توێژینەوەی ( محمد ،سلمان) ئەنجامەکان بریتی بوون لە :-

- بونی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی ناحوکمی کێبرکێ دروستکردوە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی خوێندن لە قوتابخانەکانی غەزە.
- دامەزراندنی مامۆستای تازەو ناشارەزا لە قوتابخانە حکومییەکان بووە هۆکاری ناونوسکردنی خوێندکاران لە قوتابخانەی ناحوکمی .
- زۆر لە قوتابخانەکانی غزە لە بینای کرێدان  بەهۆی  گرانی نرخی زەوییەوە .
- زۆر لەو قوتابخانانەی سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن بینای خۆیانن بەڵام ناتوانن بەگوێرەی پێویست چاکسازی بکەن و هۆڵی نوێ خوێندن دروست بکەن بە هۆی گرانی نرخی زەوی .(محمد ,2015 ,229 , 228 ).

هەرچی توێژینەوەی (الشطي ، هديل يوسف ) ئەنجامەکانی لەمانەی خوارەوە خۆی دەبینیەوە :-

- ئەو مامۆستایانەی دوو زمان دەزانن توانایەکی باشتریان هەیە بۆ فێرکردنی بنەڕەتەکانی فێرکردنی منداڵان کە ئامادەباشیان دەکات بۆ قۆناغی بنەڕەتی .
- کەموکورتی هەیە لە ئامادەکردنی مامۆستایان لە قوتابخانە حکومیەکاندا " ئیدی لەکاتی پێگەیاندن بێت یاخود لەکاتی خزمەتکردنیان وەك مامۆستا کە خولیان بۆ ناکرێتەوە .
- مامۆستای کەرتی ناحکومی بەشێوەیەکی گشتگیرتر لە ئامادەکردنی منداڵانەوە خەریکن بە بەراورد بە کەرتی حکومی .

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەم توێژینەوەیە لەڕووی میتۆدی توێژینەوەوە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشتر میتۆدی پەسنی رووپێوی بەکارهاتوە ، لەرووی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەوە ئەم توێژینەوەیە تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەی وەك نمونە توێژینەوەوەرگرتوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی وڵاتەکانیان کرابن وەکو فلسطین و کویت و عێراق نەتوانرابێت هەموو کۆمەڵگە وەربگرن . لەڕووی ئامرازی بەکارهاتووەوە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە فۆرمی تێبینیکردن بەکارهاتوە ، جگە لە توێژینەوەی( عبدالقادر ، عمار عبدالله ، 2018) کە لەسەر شاری بەغداد ئەنجامدراوە لەڕووی هەڵکەوتەی دابەشبوونی بەپێی گەڕەك و شارەوانی ، هەر بۆیە زیاتر پشتی بە نەخشەی دابەشبوون بەستوە . لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانەوە بەوێنەی ئەم توێژینەوەیە کە ئامرازەکانی ( ناوەندی شیاوی وکێشی سەدی وپلە و ڕێژەی سەدی ) هەر یەکە لە لە توێژینەوەکەی( محمد ،سلمان) و ( الدهان ، لمي رزاق غني كريم) تاقیکردنەوەی تائی و ناوەندی شیاویی وکێشی سەدی بەکارهاتوە ، بەڵام توێژینەوەی( عبدالقادر ، عمار عبدالله) لە لەبەر ئەوەی تەنها ژمارەی خوێندکار و مامۆستا و پۆل خستوەتەڕوو و بەراوردی کردوە بە پێوەری ستانداردی لۆکاڵی ، بۆیە هیچ هاوکێشەیەکی ئاماری بەکارنەهێناوە ، بەڵکو تەنها ژمارەکان خراونەتەڕوو وشیکردنەوە و بەراورکاریەکەی بۆ خوێنەر بەجێهێشتوە . بەڵام لە توێژینەوەکەی ( الشطى ، هديل تەحلیل تەباین بەکارهاتوە.

## 3 ڕێکارەکانی توێژینەوە (إجراءات البحث)

## 3  ڕێککارییەکانی توێژینەوە ( الاجراءات البحث ) :-

### 3 – 1 میتۆدی توێژینەوە ( منهج البحث) :

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بە میتۆدی ( پەسنی شیکاری) بەستووە ، لەبەر گونجاوی ئەم میتۆدە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، چونکە توێژەر پاش کۆکردنەوەی داتا لە مەیدانی کارکردن هەستاوە بە شیکارکردنیئەو داتایانە و قسەکردن لەسەر هۆکاری سەرنەکەوتنی هەر برگەیەك لە فۆرمی تێبینیکردنی توێژینەوە .

### 3 . 2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (المجتمع البحث) :

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان ( ئەهلیەکان ) لەشاری کەلار، کە کۆی گشتیان دەکاتە ( 9 ) باخچە و (10) قوتابخانە لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر لەگەڵ هاوڵێکیدا هەوڵیداوە بەشێوەی گەڕانی مەیدانی باخچە و قوتابخانەکان بەسەربکاتەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی تێبینیکردن. بڕوانە خشتەی (3 . 1).

خشتەی (3.1)

کۆمەڵگەی باخچە و قوتابخانەکانی توێژینەوەکە

| ز | باخچە | ژ.مامۆستا | ژ.قوتابی | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منداڵانی کورد فیوچەر | 4 | 56 | 2015 |
| 2 | باخچەی منداڵانی پلان | 8 | 53 | 2017 |
| 3 | باخچەی منداڵانی ئەمڕۆ | 6 | 25 | - |
| 4 | باخچەی منداڵانی گۆڵدن گەیت | 9 | 43 | 2018 |
| 5 | باخچەی منداڵانی وانۆ | 16 | 164 | 2011 |
| 6 | باخچەی منداڵانی شایاد | 4 | 25 | 2021 |
| 7 | باخچەی منداڵانی مێخەك | 8 | 87 | 2016 |
| 8 | باخچەی منداڵانی بەهەشت | 9 | 75 | 2014 |
| 9 | باخچەی منداڵانی بێست دریم | 7 | 23 | 2023 |
| ز | قوتابخانە | ژ.مامۆستا | ژ.قوتابی | ساڵی دامەزراندن |
| 1 | قوتابخانەی دوارۆژ | 26 | 253 | 2013 |
| 2 | قوتابخانەی وانۆ | 68 | 753 | 2011 |
| 3 | قوتابخانەی  ئەمڕۆ | 0 | 0 | 2024 |
| 4 | قوتابخانەی گۆڵدن گەیت | 15 | 154 | 2018 |
| 5 | قوتابخانەی  کورد فیوچەر | 20 | 170 | 2015 |
| 6 | قوتابخانەی ئانا | 23 | 258 | 2014 |
| 7 | قوتابخانەی خۆر | 47 | 492 | 2013 |
| 8 | قوتابخانەی پلان | 16 | 207 | 2017 |
| 9 | قوتابخانەی ناوازە | 12 | 119 | 2018 |
| 10 | قوابخانەی بێست دریم | 7 | 7 | 2023 |

### 3.3 نموونەی توێژینەوەکە ( عينة البحث ) :-

نموونەی توێژینەوە پێکهاتووە لە باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان ( ئەهلیەکان ) لەشاری کەلار ، توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی ( 7 ) باخچە کە دەکاتە ڕێژەی(77.77%) و (5) قوتابخانە کە دەکاتە ڕێژەی(50 %)  لە کۆمەڵگەی توێژینەوە ناحکومیەکانی سنووری شاری کەلار کە ژمارەیان قوتابخانەی ناحکومیە( ئەهلی)یە، بڕوانە خشتەی (3-2).

خشتەی (3.2)

نمونەی باخچە ناحکومیەکان لەشاری کەلار

| ز | باخچە | ژ.مامۆستا | ژ.قوتابی | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منداڵانی پلان | 8 | 53 | 2017 |
| 2 | باخچەی منداڵانی گۆڵدن گەیت | 9 | 43 | 2018 |
| 3 | باخچەی منداڵانی وانۆ | 16 | 164 | 2011 |
| 4 | باخچەی منداڵانی شایاد | 4 | 25 | 2021 |
| 5 | باخچەی منداڵانی مێخەك | 8 | 87 | 2016 |
| 6 | باخچەی منداڵانی بەهەشت | 9 | 75 | 2014 |
| 7 | باخچەی منداڵانی بێست دریم | 7 | 23 | 2023 |
| ز | قوتابخانە | ژ.مامۆستا | ژ.قوتابی | ساڵی دامەزراندن |
| 1 | قوتابخانەی دوارۆژ | 26 | 253 | 2013 |
| 2 | قوتابخانەی وانۆ | 68 | 753 | 2011 |
| 3 | قوتابخانەی پلان | 16 | 207 | 2017 |
| 4 | قوتابخانەی ناوازە | 12 | 119 | 2018 |
| 5 | قوابخانەی بێست دریم | 7 | 7 | 2023 |

### 4 . 3 ئامرازی توێژینەوە ( أداة البحث ) :-

هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامرازێك دەبێت بە مەبەستی وەرگرتن و دەستکەوتنی داتا و زانیارییەکان، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەوڵیداوە تەواوی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2009 کە تایبەت بە مۆڵەتپێدان بۆ کردنەوەی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان بەووردی بخوێنێتەوە ودایبڕێژێت لە دووفۆڕمی تێبینیکردندا بیانخاتەڕوو. بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (2) ، (3) .

### 5 . 3 ڕاستێتی ئامراز ( صدق الأداة ) :-

یەکێک لە گرنگترین مەرجەکانی ئامراز بریتییە لە ڕاستێتی بۆ ئەو بابەتەی کە دەپێوڕێت، چونکە ئامانجی ڕاستێتی بریتییە لە تواناداری ئەو ئامرازە بۆ پێوانەکردنی ئەو بابەتەی کە لە پێناویدا دانراوە، باشترین ڕێوشوێنی گونجاو بۆ دەرخستنی ڕاستێتی ( رووکەشی ) ئامرازی تێبینیکردن ، پیشاندانی ئامرازەکەیە بۆ کۆمەڵێ پسپۆڕ و شارەزا بۆ داوەریکردن و دەرخستنی ڕادەی گونجاوی بڕگەکانی، هەر بۆیە پاش ئەوەی ئامرازەکانی توێژینەوەکە لەلایەن چەند مامۆستایەکی زانکۆ کە ژمارەیان (7) مامۆستایە، پسپۆڕییان لە بوارەکانی (پەروەردە و دەروونناسی) بوو بینرا،بڕوانە پاشکۆی(1) لە کۆتاییدا پاش وەرگرتنی سەرنج و بۆچوونی ئەو مامۆستایانە چەند بڕگەیەک لەڕووی داڕشتنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات ، بەڵام هیچ بڕگەیەک لانەبرا، لە ئەنجامدا کۆی بڕگەکانی فۆرمی ڕاوەرگری باخچە بوو بە( 25 ) بڕگە و قوتابخانەکانیش بوون بە (28) بڕگە، توێژەر پێوەری لیکرتی سێ بژاردەی بەشێوەی: ( بەڵێ ، تارادەیەك ، نەخێر) بەکارهێنا، بە مەبەستی پێوانەکردنی چەندێتی بوونی ئەو مەرج ورێنماییانە لەو باخچە و قوتابخانە ناحکومیانە ، لە کۆتاییدا بەپێی ئەنجامی ڕاستێتی هەردوو فۆرمی تێبینیکردن دەرکەوت بۆ فۆمی باخچە ناحکومیەکان ( 0.97) و فۆرمی قوتابخانەکانیش (0.94) بوو، هەر بۆیە گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئامرازەکە گونجاوە بۆ بەکارهێنانی لە توێژینەوەکەمان. بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (2) ، (3) .

### 3 – 6 جێگیری ئامراز ( ثبات الأداة ) :-

توێژەر هەستا بەدەرکردنی جێگیری (دووبارە تاقیکردنەوە) بۆ هەردوو فۆرمی تێبینیکردن بەدەر لە نموونەی وەرگیراو توێژینەوەکە، توێژەر دوو کەسی هاوکاری ڕاسپارد بۆ تێبینیکردنی باخچە ناحکومیەکان لەدوو کاتی جیاواز یەکەم جار لە ڕۆژی چوارشەممە 8-11-2023 ، هەروەها ڕۆژی پێنج شەممە 23-11-2023 کە هەستان بەتێبینیکردنی بڕگەکانی هەردوو فۆرمی تێبینیکردنی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان پاش ئەنجامدانی شیکاری ئاماری و دۆزینەوەی جێگیری ئامرازەکە بە هاوکێشەی ( پێرسۆن ) بۆ ژماردنی کاراێی جێگیری دەرکەوت جێگیری ئامرازەکە بۆ فۆرمی تێبینیکردنی باخچە بریتییە لە(0،75) بۆ قوتابخانەکان بریتی بوون لە(0.72) ئەو ڕێژانەش بەپێی بۆچوونی بلۆم شیاون بۆ پەیڕەوکردن.

### 7 . 3 جێبەجێکردنی ئامراز ( تطبیق الأداة ) :-

پاش دڵنیابوون لە ڕاستێتی وجێگیری ئامرازی توێژینەوە، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازی تێبینیکردنەکە بە یاوەری کەسێکی دیکە کە هەردوو لا بەشێوەی تێبینیکردن هەموو بڕگەکانی فۆرمەکانیان تۆمارکرد، لەڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتنی (13/12/ 2023)لە باخچەکان لەگەڵ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (22/ 2023/12) لەقوتابخانەکان لە سنوری شاری کەلار بوون . ئەم کارەش وەك عوبەیدات جەختی لەسەر دەکاتەوە وەڵامەکان بەدیقەتر دەستمان دەکەوێت (عبیدات ،1982 : 128) .

### 8 . 3 ئامرازە ئامارییەکان ( الوسائل الإحصائیة ) :

بەمەبەستی شیکردنەوە و خستنەڕووی داتا و زانیارییەکان و دەستکەتنی ئەنجامەکان چەند ئامرازێکی پەروەردەیی بەکارهاتووە، کە ئەمانەن :-

#### 3–8 – 1 ناوەندی شیاوی (یەکلاییکەرەوە):

ت1 × 3 + ت2 × 2 + ت3 × 1

ناوەندی شیاوی = ―――――――――――

کۆی (ت) (327 ، 1956، Fisher )

بەپێی هاوکێشەکە، کێشی هەڵبژاردەکان بەم شێوەیە بوو:

ت1 = بەڵێ .

ت2 = تاڕادەیەك .

ت3 = نەخێر .

#### – 8 – 2 کێشی سەدی (Coefficient of Weight):

ناوەندی شیاوی

کێشی سەدی = ――――――― × 100

بەرزترین کێش

(الغریب، 1987، 168)

**-1** 3– 8 – 3 هاوکێشەی پێرسۆن ( Pearson ) :

**-2** توێژەر بۆ ئەژمارکردنی بەهای هاوسەنگی جێگیری ئامرازی ڕاپرسیەکە بەشێوەی دووبارەکردنەوەی وەلامدانەوە ن

مج س ص . ( مج س ) ( مج ص )

ر = ―――――――――――――――――――

[ ن مج س2 – ( مج س)2 ] [ ن مج ص2 – ( مج ص )2 ] (السید،1979، 183 )

## 4 بەشی چوارەم :

### 1-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:-

خشتەی (1-4) ناوەندی شیاوی وکێشی سەدی ( فۆرمی تێبینیکردن )

هەڵسەنگاندنی باخچە ناحکومیەکانی قەزای کەلار بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە

| ژ | پلە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | 7 | - | - | 3 | 100 |
| 4 | 2 | 5 | 2 | - | 2،71 | 90،47 |
| 3 | 2 | 5 | 2 | - | 2،71 | 90،47 |
| 2 | 2 | 5 | 2 | - | 2،71 | 90،47 |
| 8 | 3 | 5 | 1 | 1 | 2،57 | 85،66 |
| 6 | 4 | 5 | - | 2 | 2،42 | 80،95 |
| 7 | 4 | 5 | - | 2 | 2،42 | 80،95 |
| 5 | 5 | 4 | 1 | 2 | 2،28 | 76،19 |
| 9 | 5 | 3 | 3 | 1 | 2،28 | 76،19 |
| 10 | 6 | 3 | 2 | 2 | 2،14 | 71،42 |
| 16 | 6 | 2 | 4 | 1 | 2،14 | 71،42 |
| 11 | 7 | 2 | 2 | 3 | 1،85 | 61،90 |
| 12 | 8 | 3 | - | 4 | 1،85 | 61،90 |
| 13 | 8 | 2 | 2 | 3 | 1،85 | 61،90 |
| 14 | 8 | 2 | 2 | 3 | 1،85 | 61،90 |
| 15 | 8 | 2 | 2 | 3 | 1،85 | 61،90 |
| 17 | 9 | 2 | 1 | 4 | 1،71 | 57،14 |
| 19 | 9 | 2 | 1 | 4 | 1،71 | 57،14 |
| 24 | 9 | 1 | 3 | 3 | 1،71 | 57،14 |
| 20 | 10 | 2 | - | 5 | 1،57 | 52،38 |
| 21 | 10 | 1 | - | 6 | 1،57 | 52،38 |
| 22 | 10 | 1 | 2 | 4 | 1،57 | 52،38 |
| 23 | 10 | 2 | 2 | 3 | 1،57 | 52،38 |
| 18 | 11 | 1 | - | 6 | 1،28 | 42،85 |
| 25 | 12 | - | - | 7 | 1 | 33،33 |

لەخشتەی (4-1) ئەوەمان بۆ ڕوووندەبێتەوە کە لە هەڵسەنگاندنی باخچە ناحکومیەکانی قەزای کەلار گرفت هەیە لە جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەواتایەکی تر بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دانەمەزراون ، ئەم ڕاستیە لە هەر یەکە لەبڕگەکانی : ( 12 ، 11 ، 13 ، 14 ،15 ، 17 ، 19 ، 24 ، 20 ،21 ، 22، 23 ،18 ، 25 ) دەردەکەوێت بە تۆمارکردنی نزمترین ئاستی ناوەندی شیاوی(بەکلاییکەرەوە) و کێشی سەدیی .

تێکڕای بڕگەکانی (11، 12 ، 13 ، 14 ، 15 ) کە سەرکەوتوو نەبوون ، ناوەندی شیاویان یەکسانە بە (1.85) بەرامبەر بە (61.90% ) کێشی سەدی . لە خوارەوە شیکردنەوە بۆ دەقی هەر بڕگەیەك دەخەینەڕوو :-

- دەقی بڕگەی ژمارە (11) بریتیە لە : " ڕووبەری باخچە بۆ هەموو قۆناغەکان لە 150م/2 بچوکتر نییە ".

سەرنەکەوتنی ئەم بڕگەیە ئەوەمان پیشان دەدات کە باخچە ناحکومیەکانی منداڵان لە شاری کەلار لەڕووی ڕووبەر بۆ قۆناغ و پۆلەکانی خوێندن بچوکترن لەو ستانداردەی کە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەدا هاتوە. بۆیە پێوستە لایەنی پەیوەندیدار ئەو ڕاستیە بزانن .

- دەقی بڕگەی ژمارە (12) بریتیە لە : " ئاوی پاکژ کراو (معقم) بە ئامێری تایبەت هەیە ".

بڕگەی ژمارە (12)ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە باخچە ناحکومیەکانی منداڵان لە شاری کەلار ئاوی پاکژ و ئامێری پاڵفتەکردنی ئاوی خواردنەوە نییە ، ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانی منداڵەکان درووست دەکات ، کاتێك هەموو ڕۆژێك ئاوی خواردنەوەی شیاو ناخۆنەوە.

- دەقی بڕگەی ژمارە (13) بریتیە لە : " بوونی کتیبخانە بە مەرجێك ژمارەی سەرچاوەکان لە (500) سەرچاوە کەمتر نەبێت و ڕێژەی سەرچاوە کوردییەکان لە 10% کۆی گشتی سەرچاوەکان کەمتر نییە".

سەرنەکەوتنی بڕگەی ژمارە (13) ئەوەمان بۆ ڕوووندەکاتەوە کە ئەگەر کتێبخانەش هەبێت لە باخچە ناحکومیەکان ، ئەوا هەژارە لەڕووی بوونی سەرچاوەوە و بەتایبەت سەرچاوە بەزمانی کوردی .

دەقی بڕگەی ژمارە (14) بریتیە لە : " ڕووبەری کتێبخانە (50م/2)کەمتر نییە"

بڕگەی ژمارە (14) پاڵپشتکردن و ڕاستاندنی بڕگەی پێش خۆیەتی کە کتێبخانەکان هەژارن لەڕووی سەرچاوەوە ، لێرەدا ئەوە دەرکەوتووە کە کتێبخانەکان ئەگەر هەش بن ڕووبەری شیاو و ستاندارد بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بونی نییە ، ئەمەش ئەوەمان پیشاندەدات کە لەبنەڕەتدا کتێبخانەکان گرنگیان پێنەدراوە ، بۆیە ڕووبەر و شوێنی شیاوی خۆیان بۆ دابین نەکراوە .

- دەق برگەی ژمارە (15) بریتیە لە:"بوونی هۆڵی بۆنەکان بۆ باخچەی منداڵان 100م2/ کەمتر نییە".

برگەی ژمارە (15) نیشانی دەدات کە گرنگی بە هۆڵی تایبەت بە بۆنە و ئاهەنگەکان نییە ، کە لەبنەڕەتدا بوونی ئەم هۆڵە بۆ زۆر مەبەستی تری وەك شانۆ و ئۆپەرێت و کۆبونەوە ..تاد بەکاردەهێنرێت . ڕەنگە ئەم خاڵەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زۆرینەی باخچە ناحکومیەکان لە باڵەخانەی کرێدان .

هەروەها تێکرای برگەکانی ( 17 , 19 , 24 ) یەك ناوەندی شیاویان تۆمارکردوە کە بریتییە لە (85 ,1) بەرامبەر بە کێشی سەدی ( 14 , 57) لەخوارەوە شیکردنەوە بۆ دەق هەر برگەیەك دەخەینەڕوو :-

- برگەی ژمارە (17) بریتیە لە : " ژوورەکانی کارگێری و خزمەتگوزاری وەك ( بەڕێوبەر ، یاریدەدەرەکان ، مامۆستایان ، ڕابەرانی پەروەردەیی ، فریاگوزاری تەندروستی ) بوونی هەیە ".

سەرنەکەوتنی برگەی ژمارە (17) دیسان ئەوە دەسەلمێنێت لەشاری کەلار باخچە ناحکومیەکان تەنها گرنگی پۆلەکانی خوێندن دەدەن ، ئیدی تایبەتکردنی ژووری تایبەت بە خزمەتگوزار و فریاگوزاری تەندروستی و ڕابەرانی پەروەردەیی گرنگی پێ نادەن ، ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیە.

- ژمارە (19) بریتیە لە : " ئامێری داتاشۆ چەسپاو هەیە لە هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەکان".

سەرنەکەوتنی برگەی ژمارە(19) واتە گرنگی نەدانی باخچە ناحکومیەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری کە ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە بواری فێرکاری سەردەمیانە، بەتایبەت ئەوە بزانین کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا وادەکات هەستەوەری زیاتر بەشداربێت لە پرۆسەی فێربوون .

- ژمارە (24) بریتیە لە : " ماوەی خزمەتی مامۆستایان لە بواری پەروەردە لە (3ساڵ) کەمتر نییە "

سەرنەکەوتنی برگەی ژمارە (24) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستایان لە باخچە ناحکومیەکان لەدەرچوانی نوێی زانکۆن کە دوای هەلی کارداگەڕاون ، ڕەنگە هۆکارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرانی باخچەکان وزە و توانا و پێگەیاندنی سەردەمیانەتر لە دەرچووە تازەکان ببیننەوە " بەتایبەت لەڕووی پێگەیاندنیان بە ستراتیژی نوێی فێرکاری .

- هەروەها ئەو برگانەی تر کە سەرکەوتوو نەبوون لە کاتی تێبینیکردنیان و یەك ناوەندی شیاویان تۆمارکردوە کە بریتییە لە برگەکانی (20 ، 21 ، 22 ، 23 ) کە ناوەندی شیاوییان بریتی بوو لە ( 57 , 1 ) بەرامبەر بە کێشی سەدی ( 38 , 52% ) لەخوارەوە شیکردنەوە بۆ دەق هەر برگەیەك دەخەینەڕوو :-

- ژمارە (20) بریتیە لە: " تۆڕی ئەنتەرنێت هەیە و توانای بە بڕی (1) مێگا بایت کەمتر نییە ".

برگەی ژمارە (20) ئەو شیکردنەوەیەمان پشتڕاستدەکاتەوە کە بۆ برگەی ژمارە (19)مان کردبوو کە گرنگی بەتەکنەلۆژیایی فێرکاری نادرێت ، هێڵی ئەنتەرنێت بۆ زۆر مەبەست و کردەی فێرکاری بەکاردەهێنرێت ، بۆیە وەزارەتی پەروەردە بە مەرجی داناوە لە باخچەکاندا دوای تێبینیرکردن توێژەر بۆی دەرکەوت تۆڕی ئەنتەرنێت لە باخچەکاندا دابین نەکراوە .

- ژمارە (21) بریتیە لە:"دینەمۆی کارەبا (مولدەی) تایبەتی خۆی هەیە و کەمتر نییە لە 10 ئەمپێر ".

سەرنەکەوتنی برگەی ژمارە (21) بۆ ئەوە دەگێڕینەوە زۆرێك لە باخچەکان لەبەر ئەوەی لەسەنتەری شارەکاندان ، بۆیە هێڵی مولیدەی ئەهلیان ڕاکێشاوە و بەپێویستیان نەزانیوە مولیدەی تایبەت بە خۆیان هەبێت. ڕەنگە ئەمە بەنیسبەت باخچەکانەوە ئاسایی بێت، بەڵام لادانە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بە دابینکردنی موەلیدەی تایبەت بە هەر باخچەیەکی ناحکومی .

- ژمارە (22) بریتیە لە : " مامۆستاکانی باخچە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نیین"

سەرنەکەوتنی برگەی ژمارە (22) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی باخچەی منداڵان تەنها ساڵی خوێندنی 2019-2020 یەکەم دەرچوانی بەشی باخچە لەزانکۆی گەرمیان هەبووە، هەر بۆیە ئەو دەرچوانەی تر کە بەشی باخچەیان تەواوکردوە دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانی کەلارن ، کە دوو ساڵ دەرچوویان هەبوو لەساڵانی نێوان 2006-2007، 2007-2008 ، هۆکارێکی تر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی باخچەکان پرۆگرامی خوێندنیان بەزمانی ئینگلیزیە دەرچوانی بەشی زمانی ئینگلیزیان گرنگی پێداوە و دامەزراندوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییە بەرکارەکانی وەزارەتی پەروەردەییە .

- ژمارە (23) بریتیە لە : " مامۆستایان پسپۆڕێتیەکەیان باخچەی منداڵانە "

برگەی (23) کە سەرکەوتوو نەبووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری باخچە ناحکومیەکان گرنگی بە وەرگرتنی دەرچوانی بەشی زمانی ئینگلیزی دەدەن لەبری دەرچوانی بەشی پسپۆڕی خۆیان کە باخچەیە ، چونکە باخچەکانیان پرۆگرامیان بەزمانی ئینگلیزیە ، ئەمەش پێچەوانەی مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیە.

- برگەیەکی تر کە سەرکەوتوونەبووە ، بریتییە لە برگەی ژمارە ( 18) کە ناوەندی شیاوییەکەی بریتی بوو لە ( 28 , 1 ) بەرامبەر بە کێشی سەدی ( 85 , 42% ) دەقی برگەکەش بریتیە لە : " هەمووکەلو پەل و هۆیەکانی سارد کەرەوە و گەرم کەرەوە سەردەمیانەن ".

برگەی ژمارە (18) کە خۆی بەتەنها دووهەم کەمترین ناوەندی شیاوی تۆمارکردوە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە باخچەکان لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەك گەرمکەرەوە و فێنکەرەوە گرنگیان بە مۆدێرنێتی ئامێرەکان نەداوە، بەڵکو تەنها گرنگیان بە هەبوونی ئەو ئامێرانە داوە .

- کۆتا برگەی سەرنەکەوتو ، بریتییە لە برگەی ژمارە ( 25) کە ناوەندی شیاوییەکەی بریتی بوو لە (1) بەرامبەر بە کێشی سەدی ( 33 , 33% ) دەقی برگەکەش بریتیە لە : " مامۆستاکان شیاون لە رووی پەروەردەییەوە ".

کۆتا برگەی سەرنەکەوتوو کە کەمترین ناوەندی شیاوی تۆمارکردبێت، برگەی ژمارە ( 25 ) کە بۆ خۆی کۆتا برگەی فۆرمی تێبینیکردنەکەمانە، بەپێی شیکردنەوەی ئێمە، چۆن لەبرگەکانی (22 – 23 ) ئاماژەمان پێدا ، هۆکاری شیاونەبوونی مامۆستایانی باخچەکان بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە ئەوانیش : یەکەم / پسپۆڕی بوارەکە نین . وەك لەبرگەی ژمارە (23)وەدەرکەوت.دووەم/ بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتریان هەیە ، ئەمەش نەنگیەك درووست دەکات لەرووی وانەوتنەوە و شیاویان بۆ پرۆسەی فێرکاری.

خشتەی ( 4-2 ) شیکردنەوەو خستەڕووی ئەنجامی فۆرمی تێبینیکردنی قوتابخانە ناحوکمییەکان لە شاری کەلار

| ز | ز.فۆرم | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر | پلە | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | 1 | 5 | 0 | 0 | 1 | 3 | %100 |
| .2 | 2 | 5 | 0 | 0 | 1 | 3 | %100 |
| .3 | 21 | 5 | 0 | 0 | 1 | 3 | %100 |
| .4 | 28 | 5 | 0 | 0 | 1 | 3 | %100 |
| .5 | 7 | 5 | 0 | 0 | 1 | 3 | %100 |
| .6 | 8 | 5 | 0 | 0 | 1 | 3 | %100 |
| .7 | 9 | 4 | 1 | 0 | 2 | 2.8 | %93.33 |
| .8 | 12 | 4 | 1 | 0 | 2 | 2.8 | %93.33 |
| .9 | 3 | 4 | 0 | 1 | 3 | 2.6 | %86.66 |
| .10 | 23 | 4 | 0 | 1 | 3 | 2.6 | %86.66 |
| .11 | 6 | 3 | 2 | 0 | 3 | 2.6 | %86.66 |
| .12 | 25 | 3 | 2 | 0 | 3 | 2.6 | %86.66 |
| .13 | 13 | 3 | 1 | 1 | 4 | 2.4 | %80 |
| .14 | 24 | 2 | 3 | 0 | 4 | 2.4 | %80 |
| .15 | 17 | 3 | 1 | 1 | 4 | 2.4 | %80 |
| .16 | 14 | 2 | 3 | 0 | 4 | 2.4 | %80 |
| .17 | 22 | 2 | 1 | 2 | 5 | 2 | %66.66 |
| .18 | 26 | 2 | 1 | 2 | 5 | 2 | %66.66 |
| .19 | 18 | 2 | 1 | 2 | 5 | 2 | %66.66 |
| .20 | 20 | 2 | 1 | 2 | 5 | 2 | %66.66 |
| .21 | 4 | 1 | 2 | 2 | 6 | 1.8 | %60 |
| .22 | 5 | 1 | 2 | 2 | 6 | 1.8 | %60 |
| .23 | 16 | 2 | 0 | 3 | 6 | 1.8 | %60 |
| .24 | 19 | 1 | 2 | 2 | 6 | 1.8 | %60 |
| .25 | 10 | 2 | 0 | 3 | 6 | 1.8 | %60 |
| .26 | 27 | 1 | 2 | 2 | 6 | 1.8 | %60 |
| .27 | 15 | 0 | 3 | 2 | 7 | 1.6 | %53.33 |
| .28 | 11 | 1 | 0 | 4 | 8 | 1.4 | %46.66 |

لە خشتەی ( 4-2 ) دا ، دەردەکەوێت کە برگەکان ئاستیان جیاوازە , بەرزترین ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی لەبرگەکانی (1 - 2 - 10 - 28 - 7 - 8 ) بە ناوەندی شیاوی ( 3 ) و کێشی سەدی ( 100% ) بەرزترین پلەی ریزبەندی پێوەرەکەی تۆمارکردوە .

لەکاتێکدا هەریەکە لە برگە سەرنەکەوتوەکانی (4 ، 5 ، 16 ، 19 ،27 ،10 ، 15 ، 11 ) بەریزبەند ناوەندە شیاوی و کێشی ( 1.8 ) ، ( 1.6 ) ، ( 1.4 ) سەدیی تۆمارکردوە بەرامبەر بە کێشی سەدی (66.66% )،(60 ) ، (53.33) ، ( 46.66 ) بەشێوەی ریزبەند وبەم شێوەیەیی خوارەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکەین:-

برگەی ژمارە (4) کە دەقەکەی :"باخچەو قۆناغی بنەرەتی پێکەوە ( 1600م2 )".

هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم برگەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموو قوتابخانە ناحوکمییەکان باخچەو بنەرەتی پێکەوە دەوام دەکەن ، وە بەپێ ستانداردەکان بینای قوتابخانە لەو رووبەرە کەمترە 1600م2یە ، یەکێ لەهۆکارەکان ئەوەیە کە ژمارەی قوتابیان لەو قوتابخانانە تائێستا ئەوەندە زۆرنیە لەبەر هۆکاری ئابووری ئەم چەند ساڵە کە رووبەرووی خێزانەکان بوەتەوە کە نەتوانن منداڵەکانیان لەم قوتابخانانە درێژە بەخوێندن بدەن، بەڵام دەبێت رووبەرەکەی لە 1600م2 کەمترنەبێت بۆ ئەوەی کە ژمارەی قوتابیانیان زیادی کرد توشی گرفت نەبنەوە، بۆیە دەبێت پێش وەخت بیناکە گونجاوبێت بەپێی ستانداردەکان ، پێدەچێت لەرووی داراییەوە کارگێری ئەو قوتابخانانە ئەوەندە نەبێت کە بتوانن بیناکە بەوشێوە دروست بکەن یاخود لەبینای کرێدان.

برگەی ژمارە( 5) کە دەقەکەی:" دەبێت تەوالێتی قوتابیان لە 4 تەوالێت کەمتر نەبێت بۆ 100 قوتابی" .

هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم برگەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو قوتابخانانە بەپێ پێویست هەموو هۆیەکان و پێویستی و کەلوپەل و ئامێری تایبەت بەپێ سیستەم وستانداردی خوێندن تێدا نییە ، ئەویش دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی ژووری پێویست بۆ ئەو ئامێرو کەلوپەلانە ، بەڵام واپێویست دەکات هیچ هۆکارێك نەکرێتە پاساو بۆ نەبونی ئەو پێداویستیانە.

برگەی ژمارە( 4 ) کە دەقەکەی:" بنەرەتی و ئامادەیی پێکەوە ( 2500 م2 ) کەمتر نەبێت " .

جگە لە قوتابخانەی وانۆ هەموو قوتابخانەکانی دیکە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم برگەیە توێژەر دەیگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی زەوی لەشاری کەلار نرخی بەهایەکی گرانی هەیە و زۆرێکیشیان لەباڵەخانەی کرێدان.

برگەی ژمارە(11) کە دەقەکەی:" دەبێت کافتریا هەبێت و ڕووبەرەکەی لە (100م2) کەمترنەبێت بۆ قوتابخانە ".

هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم برگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهەموو ئەو قوتابخانانە بەپێ پێویست ڕووبەری کافتریا کانیان 100م2 کەمترە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ڕووبەری پێویست بۆ دروستکردنی کافتریایەك، چونکە دەبێت کافتریا ئەوەندە فراوان بێت کەوا هەموو پێداویستیەکانی تێدابێت بۆئەوەی قوتابیان بتوانن بەئاسوودەی تێدا دانیشن و خواردن و خواردنەوەی تێدا بخۆن وبخۆنەوە، مەرجێکیشە بۆ ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە ئاسودەییان پێببەخشێت لەکاتی خواردن و خوارنەوەدا .

برگەی ژمارە( 15) کە دەقەکەی:" هەموو تاقیگەیەك پێویستە(یاریدەدەری تاقیگەی) هەبێت بەمەرجێك بڕوانامەی ( دبلۆم )کەمترنەبێت بە فەرمانبەر هەژماربکرێت " .

نەبوونی یاریدەدەرێکی پزیشك وەکو فەرمانبەر لەناوەندەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی کارگێڕی قوتابخانەکان و نەبوونی لێپرسینەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ڕێنماییە بەرکارەکانی خۆی.

تۆێژەر پێیوایە سەلامەتی گیانی قوتابیان گرنگترین کارێکە لەبەرچاوبگیرێت ، ئەگەر هاتوو قوتابی گرفتێکی تەندروستی هەبێت ئەوا ناتوانێت ئامادەی گوێگرتنی هەبێت لەوانەکاندا .

برگەی ژمارە( 10) کە دەقەکەی:" دەبێت ئاوی گەرم لەوەرزی زستاندا هەبێت ".

نەبوونی ئاوی گەرم لەوەرزی زستان کەموکورتییە لە دابینکردنی ستانداردێکی وەزارەتی پەروەردە بۆ خزمەتکردنی قوتابیان قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە ناحکومیەکان، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ لێنەپرسینەوەی هاوڕێ ڕەخنەگر بگەڕێتەوە کە ئاگاداری بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکان ناکەنەوە لەو ستانداردە یاخود بەدواداچوون ناکەن بۆ ڕێنماییەکانی خۆیان لەدوای پرۆسەی هەڵسەنگاندن .

برگەی ژمارە( 27 ) کە دەقەکەی:" هەموو قوتابخانەیەکی ناحوکمی بنەڕەتی پێویستە خاوەن ماڵپەڕی ئەلکترۆنی خۆی بێت ".

قوتابخانەکان بەپێی پێویست خاوەنی ماڵپەڕی ئەلکترۆنی خۆیان نین، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها واڵ و ئەکاونتە کاری قوتابخانەی لەسەر بڵاودەکەنەوە بەتایبەتیش فیسبوك .

برگەی ژمارە( 19 ) کە دەقەکەی:" بوونی کتێبخانەبەمەرجێك ژمارەی سەرچاوەکان لە(500)سەرچاوە کەمترنەبێت ". ناوەندی شیاوی ( 1.6 ) و کێشی سەدی ( 53.33 % )تۆمارکردوە. هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم برگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ قوتابخانەیەکیان ئەو ژمارە پێویستەی کتێبیان تێدا نیيە تاوەکو قوتابیان لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنن.

برگەی ژمارە( 16 ) کە دەقەکەی:"بۆ قۆناغی بنەڕەت دوو تاقیگەی (کۆمپیوتەر و زانستەکان ) هەبێت " ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی ( 1,4 ) و کێشی سەدیەکەی ( 46,66% )تۆمارکردوە.

هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم برگەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەهیچ قوتابخانەیەکیان بەپێی پێویست ئەو دوو تاقیگەیان نییە کەهەموو پێداویستییەکانی خوێندنی سەردەمیانەی تێدابێت ، چونکە ئەو زانیاریانە کەقوتابی بەتیۆری فێریان دەبێت واپێویست دەکات بەشێوەی پراکتیکیش ئەنجامی بدات یان لەپێش چاوی خۆیان تاقیکردنەوەکانیان بۆ بکرێت وە یان خۆیان بتوانن تاقیبکەنەوە لەبەرچاوی یەکتری ، تاقیکردنەوە بەشێوەی کرداری هۆکارێکە بۆ لەبیرنەچونەوەیان و چێژی تایبەتیان هەیە لەلای قوتابی، هەندێك لە پرۆگرامەکانیش لەوانە زانستەکان لەسەر بنەمای فەلسەفەی پراگماتیك بونیاتنراوە کە تەنها بەپراکتیکردن ئامانجەکەی بەدیدەهێنرێت. ئەمە لەکاتێکدا قوتابی بەردەوام بێت لە خوێندنی تیۆری تووشی بێتاقەتی دەبێت ، بۆیە پێویستە لەهەموو قوتابخانەیەکی ناحوکمی گرنگی تایبەت بە ژووری کۆمپیوتەر و تاقیگەی زانستی بدرێت کە ئەرکی سەرشانی کارگێڕی قوتابخانەکانە بۆ ئەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و قوتابخانەکان بەرزبێتەوە .

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی هەریەکە لە(عبدالقادر ، عمار عبدالله ، 2018 ، العراق) دەرکەوتووە :-

- زۆربەی باخچەی ناحکومی بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەرەکان کە لایەنی پەیوەندیدارەکان دایانناوە دامەزراون .
- کۆبونەوەی باخچەکانی منداڵان لە ڕووبەرێکی بچووکی نیشتەجێبووندا ، وەکو ئەو شوێنانەی چڕی دانیشتوانی زۆرە یاخودشوێنی بازرگانین

هەروەها توێژینەوەی ( الشطی ، هدیل یوسف):گرنگترین ئەنجامەکانی

- کەموکورتی هەیە لە ئامادەکردنی مامۆستایان لە قوتابخانە حکومیەکاندا " ئیدی لەکاتی پێگەیاندن بێت یاخود لەکاتی خزمەتکردنیان وەك مامۆستا کە خولیان بۆ ناکرێتەوە .
- مامۆستای کەرتی ناحکومی بەشێوەیەکی گشتگیرترلەئامادەکردنی منداڵانەوە خەریکن بە بەراورد بە کەرتی حکومی.

## 5 بەشی پێنجەم :

### 5 - 1 دەرئەنجامەکان:-

گرنگترین دەرئەنجامەکان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە :

1. باڵەخانەی باخچە و قوتابخانەکان لە سەر ڕووبەری شیاو و بەپێی مەرج وڕێنماییەکانی وەزراەتی پەروەردە دانەمەزراون .
2. مامۆستایانی باخچەکان پسپۆڕ ی بوارەکە نین ، واتە دەرچووی بەشی باخچە نین .
3. نەبوونی ژووری تایبەت بە بۆنە و ئاهەنگەکان لەقوتابخانە ناحوکمییەکان .
4. نەبوونی یاریدەدەری پزیشکی لە زۆربەی قوتابخانە ناحکومییەکان .
5. نەبوونی کتێبخانە بە پێی ستانداردی جیهانی لە زۆربەی باخچە و قوتابخانەکان .
6. نەبوونی بینای تایبەت بە قوتابخانەکان ، جگە لە قوتابخانەی ( وانۆ ) کە خاوەن بینای تایبەتە و بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزراەتی پەروەردە دامەزراوە .
7. سوود وەرنەگرتن لە تەکنەلۆژیا لەباخچە ناحکومیەکان.

8. نەبوونی تاقیگەکانی کۆمپیوتەر و زانست بە پێی پێویست لە زۆربەی قوتابخانەکان ناحکومیەکان .

## 5 - 2 ڕاسپاردەکان :-

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو:-

1. چاودێریکردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان ، بۆ دڵنیابوون لە چەندێتی بوونی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە.
2. هەڵسەنگاندنی بەردەوام لەلایەن دەزگای سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری بۆ باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان بۆ دەرخستنی لایەنی بەهێز و لاوازی ئەو دامەزراوانە.
3. درووستکردنی پەیوەندی لەنێوان باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە و بەشە زانستییەکانی باخچەی منداڵان وهاوپەیوەندەکان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەئاڵوگۆڕکردنی تازەگەریەکانی بوارەکە و ئەنجامدانی توێژینەوە .

## 5 – 3 پێشنیازەکان:-

لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:-

-1 ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە ، لەسەر ئاستی سەرجەم باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانی لە هەرێمی کوردستان .

-2 بەراوردکردن لەنێوان مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان بۆ هەمووارکردنەوەی هەندێك برگە لەو یاسا و ڕێنماییانە.

-3 هەڵسەنگاندنی لێهاتوویەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکانی بەپێی ستاندارەدەکانی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

-4 توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێت، بە مەبەستی دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدان باخچە و قوتابخانە ناحکومیەکان بەپێی ستاندارده جیهانیەکان .

## لیستی سەرچاوەکان :-


1. جرادات،احمد نادر (2019) : الطفل الكفيف ،الاكادميون للنشر والتوزيع،ط1 .
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان،2021: پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکاری لەهەرێمی کوردستان- عێراق .
3. حمەبابان،احمد عەلی،نازنین محمود قادر ، سۆلاف فائق شەمەیی(2018): گوڵبژێرێك لەبابەتی پێشچوونە قوتابخانە، چاپخانەی چوارچرا ،چاپی یەکەم، سلێمانی .
4. الدهان ، لمي رزاق غني كريم (2014) : مدى تقبل الأطفال لبيئتهم الصفية في الرياض الحكومية و الأهلية .
5. الزبادى وآخرون ،احمد محد ،محمود غانم ، عەونی عبدلقادر منسور ،سهيله حسين محسن،خلود على ابو رسان ،ابراهيم ياسين الختيب (1990): تغتيت برامج تربيه التفل وتتويرها ،دار السقافه للنشر ولتوزيح ط1،عمان.
6. السلامه ابتسامه خالد يحيا ( 2019 ) : استخدام منهج تحليل المنفعه لى تحديد فاعليه المدارس الحكوميه ،الاهليه فى تحقيقها ،الرساله ماجستير ،الجامعه ام القرى.
7. سلوم و محمد ، منى محمد ، سوزان عبدالله ( 2019 ) : التفكير الحاذق للطفل من وجهة نظر معلمات الرياض الحكومية والأهلية ، كلية التربية للبنات ، مركز البحوث النفسية .
8. السيد، فؤاد البهي(1979): علم النفس الإحصائي وقياس العقل البشري، دار الفكر العربي ، الطبعة الثالثة، القاهرة، مصر.
9. الشطي ، هديل يوسف (2019) : تقييم كفاءة معلم رياض الاطفال في قطاع الحكومية والخاصة بدولة الكويت"دراسة مقارنة
10. سلوم، منى محمد و محمد، سوزان عبدالله(2019):التفكير الحاذق للطفل من وجهة نظر معلمات الرياض الحكومية والأهلية، مركز البحوث النفسية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، وقائع المؤتمر العلمي الدولي الأول للدراسات الانسانية.
11. شفى ،حاتم احمد (1992) :التعليم الامل للبنين به (جده)، الجامعه ام القرى ، كليه تربيه ،الرساله ماجستر المنشوره.
12. الشهرى ،عاتف بن معيز(2003): معقوقات توطين الوظائف التعليمية فى المدارس التعليم العام الاهلي للبنين فى مدينة جدة ، المملكة العربية السعودية ،الجامعه ام القرى ، كلية التربية ، (الرساله ماجستير منشوره) .
13. الصفدي،صبري :اطفال الرياض بين التنشئة و تقويم السلوك،ط1،دار الجندي ،القدس ،2013.
14. الطائى ،عادل محمد عبدالله و سلو ، فراس فيصل( 2019 ) : تقييم مستوى جودة الخدمات التعليمية في المدار الأهلية .. ، مجلة المثنى للعلوم الادارية والاقتصادية، المجلد (9)،العدد(3).
15. عبدالقادر ، عمار عبدالله ( 2018 ) : كفاءة التحليل المكاني لرياض الآطفال الآهلية في مدينة بغداد .
16. عبيدات، ذوقان، وآخرون(1992): البحث العلمي (مفهومه،أدواته،أساليبه)، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة،عمان، الأردن.
17. عەلی، عوسمان محمد(2014): قەزای کەلار( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمدا)، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کراوە، بڵاونەکراوە .
18. عزيز، كريم أحمد (2012) : پرۆگراوی پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
19. علی،سۆلاف فايق، محمد و ئەانی تر :ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان ،چابخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١٣.

20. العيثاوى و الفريداوي ، امل داود سليم ، وفاء حسن عيسى ( 2017 ) : المساومة والمنافسة بين اطفال الرياض الاهلي والحكومي ، جامعة بغداد ، كلية التربية للبنات ، مجلة البحوث التربوية والنفسية ، العدد (55) .
21. عەزیز، کەریم ئەحمد (2013) : کەشکۆڵی مێژوو،چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی .
22. الغريب، رمزية(1987): التقويم والقياس النفسي والتربوي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
23. فرج،اخلاص زكي(2022): متطلبات تطبيق ISOفي المدارس الاهلية،مجلة الدراسات المستدامة،السنة الرابعة،المجلد الرابع،العدد الاول.
24. حسن ،مرح مؤيد(2006): التنشئة الاجتماعية في دور الحضانة مدينة الموصل، دراسات موصلية، العدد(13)، تموز ، الاردن .
25. القيسي و النجف ، خولة عبدالوهاب ، أفراح احمد ( 2011) : المسؤولية الاجتماعية لأطفال الرياض الأهلية ، جامعة بغداد ، كلية التربية للبنات ، مجلة البحوث التربوية والنفسية ، العدد الثلاثون .
26. كسناوي ، محمود محمد( 1999) : سعودة التعليم الأهلي ، الواقع و رؤى مستقبلية ، بحث مقدم الى اللقاء السنوي الخامس للتعليم الأهلي المنعقد بالغرفة التجارية الصناعية بجدة .
27. اللجنه العلم نفس والتربيه بالجميع (1984):معجم العلم نفس والتربيه الهيهالعامه اليشون المتابع الاميريه،، الجزْء الاول ،الجمهوريه المصر العربيه .
28. المبيضين،اسراء عبدالرحمن محمد (2017):واقع تعليم اللغة الانجليزية لمرحلة رياض الآطفال ،ط1،دار زهران ،عمان.
29. محمد سلمان(2015):الاعتبارات التربوية التي يراعيها أولياء الامور عند التحاق أبنائهم بالمدارس الخاصة, مجلة جامعة النجاح لأبحاث (العلوم الانسانية) المجلد 29 .
30. محمد، حسام طه وصالح، سلمان عكاب(2013): المناخ المدرسي لدي معلمي المدارس الابتدائية،مجلة جامعة تكريت العلوم الانسانية،المجلد(20)،العدد(9).
31. محمد،لينا جمال(2017):الادارة والاشراف التربوي في رياض الاطفال،ط1،دار ابن النفيس ،عمان.
32. المقادمى ،فيسل عبدالله 1985(1405هـ):التعليم الآهلى للبنين فى المكه مكرمه ،الجامعه ام القرى ،مملكه العربيه سعوديه.
33. نعمت ، جواد (2012) : هونەری وانەوتنەوە ، وەرطێرِانى، جميل قادر عبدالله ،ضاثخانةى ثةيوةند ،سليّمانى .
34. وزاره معاريف (1996)هـ : الاحسائيه بعدد المدارس الآهليه بِى مدينه الجده الِاداره تعليم ،جده (1416) .
35. Fischer(1955)، Yauch in "International Survey of the Beginning Teacher" Euqence C ،Wilbur A ، and Other. Henry Holt . The Beginning Teacher ،New York
36. Jos-، Francisco ،Cruz ،Fernandez- ،Mantilla ،Jesus Miguel Rodrguez ، "Impact Diaz Ma Jose Fernandez (2020) of the application of ISO9001 standards on the climate and satisfaction of the members of a school" International Journal of Educational Management Vol. 34 No. 7، 2020pp. 1185-1202 .

پاشکۆی ژمارە ( 1 )

ناوی داوەرانی فۆرمی ڕاوەرگری (ڕاستێتی)

| ت | ناو | پلەی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | د.نظام عبدالجبار حسين | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی |
| 2 | د.کوردستان حميد محمد | پ.ی | زانکۆی پۆلیتکنیکی گەرمیان |
| 3 | د.سرحد محمد سمين | مامۆستا | زانکۆی گەرمیان |
| 4 | هلّمت فائق درويش | مامۆستا | زانکۆی گەرمیان |
| 5 | عمر عادل عباس | مامۆستا | زانکۆی گەرمیان |
| 6 | كريم مدحت حاتم | مامۆستا | زانکۆی گەرمیان |
| 7 | سيروان عاصي حسين | م.ي | ب.گ.پ.گەرمیان |

پاشکۆی

ژمارە ( 2 )

| هەڵسەنگاندنی باخچە ناحکومیەکان بەپێی مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە شاری کەلار | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ز | برگەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر |
| 1 | تەلاری باخچە نا حکو مییەکان | | | |
| 2 | ڕووبەری باخچەی منداڵان بە تەنیالە600م/2 پێك هاتوە . | | | |
| 3 | بەپێی پێوەری ستانداردەکان.ڕووبەر بۆ هەر قوتابییەك لەپۆلێکدا کەمتر نییە لە1.5م/2 . | | | |
| 4 | تەوالێتێك هەیە بۆ هەر (20) قوتابی لە باخچەی منداڵان. | | | |
| 5 | تەوالێتەکان بەکاشی فەرفوری ڕووپۆش کراون . | | | |
| 6 | ئاوی گەرم لە وەرزی زستاندا هەیە . | | | |
| 7 | ڕووبەری کافتریای باخچەی منداڵان 2/50کەمتر نییە . | | | |
| 8 | کەلوپەلەکانی باخچەی منداڵان گونجاوە بەگوێرەی تەمەنی منداڵەکان. | | | |
| 9 | کورسی و مێزەکانیان بە مادەی پلاستیك دروست کرابێت، گۆشەی مێزو کورسییەکان تیژ و ڕەق نین . | | | |
| 10 | گۆڕەپانی یاریکردن لە باخچەی منداڵان 1م/2 بۆ هەر منداڵێك دەبێت . | | | |
| 11 | ڕووبەری باخچە بۆ هەموو قۆناغەکان لە 150م/2 بچوکتر نییە . | | | |
| 12 | ئاوی پاکژ کراو (معقم) بە ئامێری تایبەت هەیە . | | | |
| 13 | بوونی کتیبخانە بە مەرجێك ژمارەی سەرچاوەکان لە (500) سەرچاوە کەمتر نەبێت و ڕێژەی سەرچاوە کوردییەکان لە 10./. کۆی گشتی سەرچاوەکان کەمتر نییە . | | | |
| 14 | ڕووبەری کتێبخانە (50م/2)کەمتر نییە. | | | |
| 15 | بوونی هۆڵی بۆنەکان بۆ باخچەی منداڵان 100م/2 کەمتر نییە . | | | |
| 16 | هۆڵەکانی خوێندن لە باخچەی منداڵان لە نهۆمی زەوین . | | | |
| 17 | ژوورەکانی کارگێڕی و خزمەتگوزاری وەك (بەڕێوبەر ،یاریدەدەرەکان ، مامۆستایان ،ڕابەرانی پەروەردەیی ،فریاگوزاری تەندروستی ) بوونی هەیە . | | | |
| 18 | هەموو کەلو پەل و هۆیەکانی سارد کەرەوە و گەرم کەرەوە سەردەمیانەن . | | | |
| 19 | ئامێری داتا شۆ چەسپاو هەیە لە هۆبەکانی خوێندن و تاقیگەکان . | | | |
| 20 | تۆڕی ئەنتەرنێت هەیە .و تواناى بە بڕی (1) مێگا بایت کەمتر نییە . | | | |
| 21 | دینەمۆی کارەبا (مولدەی تایبەتی خۆی هەیە و کەمتر نییە لە 10 ئەمپێر . | | | |
| 22 | مامۆستاکانی باخچە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نیین. | | | |
| 23 | مامۆستایان پسپۆڕێتیەکەیان باخچەی منداڵانە . | | | |
| 24 | ماوەی خزمەتی مامۆستایان لە بواری پەروەردە لە (3ساڵ) کەمتر نییە | | | |
| 25 | مامۆستاکان شیاون لە ڕووی پەروەردەییەوە . | | | |

پاشکۆی

ژمارە ( 3 )

| هەڵسەنگاندنی قوتابخانە ناحکومیەکان بەپێی مەرج ورێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە شاری کەلار | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ز | برگەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر |
| 1 | بینای قوتابخانە سەربەخۆیە | | | |
| 2 | بینای قوتابخانە بە شورە دەورە دراوە | | | |
| 3 | بەپێی ستاندارەکان ڕووبەری پێویست بۆ هەر قوتابیەك لە پۆلێك دا لە ( 1,5 م2 ) کەمتر نییە. | | | |
| | فراوانی زەوی باڵەخانەکە بۆ قۆناغی بنەڕەتی ( 1000 م2 ) کەمتر نییە . | | | |
| | ڕووبەری باخچەو قۆناغی بنەڕەتی پێکەوە ( 1600م2 ) کەمتر نییە . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | ڕووبەری بنەڕەتی و ئامادەیی پێکەوە ( 2500 م2 ) کەمتر نییە . | | | |
| | ڕووبەری باخچەو بنەڕەتی و ئامادەیی پێکەوە(3100 م2) کەمتر نییە . | | | |
| 5 | دەبێت تەوالێتی قوتابیان لە 4 تەوالێت کەمتر نەبێت بۆ 100 قوتابی . | | | |
| | ئەگەر لە 100 زیاتر بوو ئەوا 25قوتابی یەك تەوالێت کەمترنەبێت. | | | |
| 6 | ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانە تێکەڵاو بوو، دەبێت تەوالێتی کوڕان و کچان بەجیابن . | | | |
| 7 | تەوالێتی تایبەت بە مامۆستایان و فەرمانبەران هەبێت . | | | |
| 8 | تەوالێتەکان بەکاشی و فەرفوری ڕووپۆشکرابن . | | | |
| 9 | دەبێت قوتابخانەکان گۆڕەپانی کۆنکریتکراوی هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان. | | | |
| 10 | دەبێت ئاوی گەرم لەوەرزی زستاندا هەبێت . | | | |
| 11 | دەبیت کافتریا هەبێت و ڕووبەرەکەی لە (100م2) کەمترنەبێت بۆ قوتابخانە . | | | |
| 12 | کەلوپەلەکان دەبێت گونجاوبن بەپێی تەمەنی قوتابیان . | | | |
| 13 | دەبێت ئاوی خواردنەوە پاکژکراوبێت بە ئامێری تایبەت. | | | |
| 14 | ڕووبەری تاقیگە زانستییەکان نابێ لە(50م2) کەمتربێت وە، دەبێت هەمووپێداویستی و کەل و پەل و ئامێری تێدابێت بەپێی سیستەمی خوێندن. | | | |
| 15 | هەموو تاقیگەیەك پێویستە(یاریدەدەری تاقیگەی) هەبێت بەمەرجێك بڕوانامەی ( دبلۆم )کەمترنەبێت وەك بە فەرمانبەر هەژماربکرێت . | | | |
| 16 | بۆ قۆناغی بنەڕەت دوو تاقیگەی (کۆمپیوتەر و زانستەکان ) هەبێت. | | | |
| 17 | بوونی هۆڵی بۆنەکان نابێت ڕووبەرەکەی لە (200م2) بچوکتربێت بۆ قۆناغی بنەڕەتی | | | |
| 18 | بوونی ژوورەکانی کارگێڕی و خزمەتگوزاری وەك ( بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان ,ڕابەرانی پەروەردەیی, فریاگوزاری تەندروستی). | | | |
| 19 | بوونی کتێبخانەبەمەرجێك ژمارەی سەرچاوەکان لە(500)سەرچاوە کەمترنەبێت . | | | |
| 20 | دەبیت ڕێژەی سەرچاوە کوردییەکان لە(100% )کۆی گشتی سەرچاوەکان کەمترنەبێت | | | |
| 21 | نابێ ڕووبەری قوتابخانە لە(50م2) کەمتربێت . | | | |
| 22 | ڕچاوی هاتووچۆی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە . | | | |
| 23 | هەموو کەلووپەل و هۆیەکانی ساردکەرەوە وگەرم کەرەوە سەردەمیانەن . | | | |
| 24 | دەبێت ئامێری داتاشۆ چەسپاوبێت لەهۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەکان . | | | |
| 25 | دەبێت دینەمۆی کارەبا(مرلیدە)ی تایبەت بەخۆی هەبیت مەرجێك توانایی پێدانی زیاتر لە ( 25 ) ئەمپێری هەبێت . | | | |
| 26 | پێویستە تۆڕی ئینتەرنێت هەبێت بەمەرجێك توانایی 2 مێگابایت کەمترنەبێت بۆ قۆناغی بنەڕەتی . | | | |
| 27 | هەموو قوتابخانەیەکی ناحوکمی بنەڕەتی پێویستە خاوەن ماڵپەڕی ئەلکترۆنی خۆی بێت | | | |
| 28 | کارگێڕی قوتابخانەبنەڕەتییەکان بۆیان هەیە سوود لە بینای قوتابخانە وەربگرن دوای تەواوبونی دەوام لەکاتی پشوەکان بۆ کاری پەروەردەیی و فێرکردن بەکاریێن بەمەرجێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزاکە وەربگرێت . | | | |